

راپۆرتی سیاسیی پلینۆمی ...

٤



سەوەتەی خەمساردیی ڕێژیم و ...

٨



بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد ...

٩



بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ...

١٠



سەفەری ئەردۆغان بۆ ئێران ...

١٠

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بەیاننامەی یەکیەتیی پێشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی**

لاپەڕە ٢

**لە یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

لاپەڕە ٨

ژمارە ٦٢٣، چوارشەممە، ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٢، ١٩ی فێوریەی ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

٢١ی فێورییە، بەرامبەر بە ٢ی ڕەشەممە، لەلایەن یونێسکۆوە وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك ناودێر کراوە و مەبەست لەو هەنگاوە، پاراستنی فرەچەشنیی زمانی و کولتووری ڕاگەیەندراوە. بەپێی ماددەکانی ١و٢و٧ و بەندی ٣ی ماددەی ٢٦ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ، هەر تاکێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەتوانێ بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەك لە بواری ڕەگەز، زمان، دین، کولتوور و هتد، لە هەموو ماف و ئازادییە دەستنیشان کراوەکان، لەوانە مافی زمان سوودمەند بێت و هەموو لە بەرامبەر یاسادا مافی وەك یەکیان هەیە. وڵاتی ئێران سەرەڕای ئەوەی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی واژۆ کردووە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیی لە ڕۆژژمێری خۆی سڕیوەتەوە.

لە نێوان جیاوازیی هەڵسوکەوتی کولتووریی مرۆڤدا هەندێ تایبەتمەندیی هاوبەش هەن. کاتێك ئەم تایبەتمەندییانە لە کۆی کۆمەڵگادا بەدی بکرێن، دەبنە تایبەتمەندیی گشتیی کولتووری. هیچ کولتوورێکی ناسراویش بە بێ بوونی زمانێك کە خاوەنی ڕێساگەلی ڕێزمانی بێت، بوونی نییە. هەموو کۆمەڵگەکان لە نووسین و بەتایبەتی لە ئاخاوتن وەکوو کەرەستەی گواستنەوەی زمان کەڵك وەردەگرن. ئەدەبیاتێکی نەتەوەیی بەهێز و گۆشبوون بەو زمانە ئەدەبیە پانتایی زمان فراوان دەکات و دەرفەتی گەیاندنی هزر لە ڕێی زمانی دایکییەوە دەڕەخسێنێت. نووسینی بەرهەمە ئەدەبی و هزرییەکان بە زمانی خۆجێیی و نەتەوەیی بۆ مانەوە و ژیانی نەتەوەیەك پێویستییە و هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە بوونی زمان یەکێك لە بنچینەییترین مافەکانی مرۆڤە.

کۆی ئەو مافانەی کە لەسەر بنەمای بیرۆکەی "مافی سروشتی" بەپێی "یاسای سروشتی" بە شێوەی بەرابەر بە تاکەکانی مرۆڤ دراوە بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی بوونی مرۆیی و ناوەندە یاسایی و دادوەرییەکان(نێوخۆیی و نێونەتەوەیی) دەبێ بەرگریی لێ بکەن. بە سەرنجدان بەوەیکە یەکێك لە مەبەستە سەرەکییەکانی هەر سیستمێکی یاسایی بەرگری کردنە لە مرۆڤ لە بەرامبەر ستەمدا، لە خاڵیی بەرامبەریدا و بە پێچەوانەیەوە، ستەم لە شێوەی هەڵاواردنی زمانی وەکوو یەکێك لە ڕەهەندەکانی ستەمی نەتەوەیی بەرجەستە دەبێتەوە.

هەڵاواردنی زمانی و بێبەشبوون لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکیی بە پێی پێشێلکردنی ئەو پێوەر و یاسا و ڕێساگەلەی باسیان لێوە کرا و ئەوەیکە زمانی نەتەوەیی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گشتی وەك زمانێکی مردوو دێتە هەژمار و تاکە زمانی زیندوو، زمانی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات و باڵادەستە، ستەمێکی نەتەوەیی بە یاسایی کراوە.

# دڕدۆنگیی ناوکی لە ڤییەن




بە دەسپێکی خولی دووهەمی وتووێژەکانی نێوان ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی ٥+١، کاربەدەستێکی باڵای ئەمەریکا لە ئاخەوتنێکدا گومانی خۆی لەهەمبەر سەرکەوتووبوونی ئەم وتوێژانە دەربڕی.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبییە، ئەم بەرپرسە ئەمریکاییە گوتوویەتی کە وتووێژەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی ئەم وڵاتە تاقەتپڕووکێن و درێژخایەن دەبێ و سەرکەوتووبوونی حەتمی نییە.

ئەم بەرپرسە ئەمریکاییە پێداگریشی کردەوە کە وڵاتەکەی خوازیاری ئەم وتووێژانە زیاتر لە شەش مانگ نەخایەنێ. هەروەها گوتی: "مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لەسەر پرسە ناوکییەکەی ئێران بگەینە ڕێککەوتنێکی هەمیشەیی، بەڵام هیچ گەرەنتییەك بۆ سەرکەوتووبوونی وتویژەکانی ڤییەن نییە."

ئەمە لەکاتێکدایە کە عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێرانیش دووشەممەی ڕابردوو لە ئاخەوتنێکدا گوتبووی کە لەهەمبەر وتویژەکاندا لەگەڵ شەش زلهێزەکەی جیهاندا گەشبین نییە.

خولی نوێی وتووێژەکانی ئێران و وڵاتە زلهێزەکان لەسەر پرسی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی ڕێبەندان لە شاری ڤییەن، پێتەختی ئوتریش دەستی پێکرد.

ئەم وتووێژانە لە ئاست جێگری وەزیرانی دەرەوەی ئێران و وڵاتانی ٥+١ کە بریتین لە ئەمریکا، فەرانسە، بریتانیا، ڕووسیە، چین و ئاڵمان و هەروەها یەکیەتیی ئورووپا، بەرێوە دەچێ و بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکان بڕیار وایە کە تا سێ ڕۆژ درێژە بکێشێت.

ئێران و گرووپی ٥+١ سەرەتاکانی مانگی سەرماوەزی ئەمساڵ لە شاری ژێنێڤی سوییس گەیشتنە ڕێککەوتنێکی کاتیی و بەپێی ئەو ڕێکەوتنە تاران بەرنامە ئەتۆمییەکانی بەرتەسك دەکاتەوە تاکوو ڕۆژئاواییەکانیش لە بەرامبەردا بەشێك لە گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی هەڵگرن. ئەم خولە لە وتویژەکانیش هەر لەسەر بنەمای ئەم ڕێککەوتنە بەرێوە دەچێت.

کارناسان دەڵێن ئەم هەوڵە نوێیە بۆ کۆتایی پێهێنانی قەیرانە ناوکییەکەی کۆماری ئیسلامی، درێژخایەنتر و تەنانەت ئەستەمتر لە وتویژەکانی پێشترە.

## ئەمریکا: ئێران و ڕووسیە هۆکاری سەرەکیی سەرنەکەوتنی ئاشتین لە سووریە

جان کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ڕێژیمی بەشار ئەسەد بەوە تاوانبار دەکات کە بە پاڵ دان بە ڕووسیە و ئێران و هاوپەیمانەکانی دیکەی، بووەتە هۆی بێ ئاکام مانەوەی وتویژەکانی ژێنێڤی دوو.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، جان کێری کە لە سەفەر بۆ ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جاکارتا بەسەر دەبات، گوتی: "ڕێژیمی سووریە لەسەر ڕێگای وتویژەکان بەربەستی دانا. جگە لە بوردمان و کوشتنی خەڵك و وێران کردنی وڵاتەکەی کارێکی دیکە ناکات. بۆ من جێگای داخە کە بڵێم ئەم ڕێژیمە کردەوەکانی بە پشتیوانیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری ئێران، حیزبوڵڵا و ڕووسیە بەرێوە دەبات".

هەروەها داوای لە ڕووسیە کرد کە گوشاری زۆرتر بۆ ڕێژیمی ئەسەد بێنێ تاکوو نەرمیی زۆرتر بنوێنێ و گوتی: "ڕووسیە دەبێ بەشێك بێت لە چارەسەریی ئەم پرسە نەوەك هەموو جۆرە پشتیوانییەك و یەك لەوان پشتیوانیی چەك و چۆڵ لە ڕێژیمی سووریە بکات".

باراك ئۆباما ڕۆژی هەینی گوتبووی کە لە هەوڵی تاوتوێی ڕێکاری نوێ بۆ زۆرترکردنی گوشارەکانی سەر ڕێژیمی بەشار ئەسەددان.

لە سێ ساڵ لەوەپێش و لە دەستپێکی قەیرانەکانی سووریەوە تاهەنووکە ڕووسیە لە بەرامبەر گوشارەکانی ڕۆژئاوادا پشتیوانیی لە ڕێژیمی ئەسەد کردووە. تا ئێستا ڕووسیە سێ بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گوشار خستنە سەر ڕێژیمی بەشار ئەسەدی ڤێتۆ کردووە.

چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ کە بنکەکەی لە لەندەندایە، لە دوایین ئاماری خۆیدا ژمارەی کوژراوانی شەڕی نێوخۆیی سووریەی بە زیاتر لە ١٤٠ هەزار کەس بەراوەرد کردووە.

## ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان: ڕێبەرانی کۆریای باکوور، تاوانبارانی دژی مرۆڤایەتین

مایکێل کێربی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە کۆنفرانسێکی هەواڵدەریدا لەمەڕ ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە کۆریای باکوورەوە چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەش کرد.

لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی توێژنەوەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا هاتووە کە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆریای باکوور بەربڵاو، ڕێکخراو و بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسییە. لەم ڕاپۆرتەدا ڕێبەری کۆریای باکووری لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیدا بە تاوانبار زانیوە و خوازیاری دادگایی کردنی ناوبراوە لە دیوانی نێونەتەوەیی دادوەریدا.

خاڵەکانی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بریتین لە ئیعدامی بەکۆمەڵ، دەستدرێژی، ئەشکەنجە، لەبار بردنی منداڵا بە شێوەی زۆرەملێ و بە کۆیلە کردنی مرۆڤەکان.

هەروەها لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە لە کەمپی بەندکراوەکاندا کە بە گەورەیی شارێکە، نزیك بە ١٢٠ هەزار کەس دەستبەسەر کراون.

کۆریای باکوور ئیزنی چوونی پشکێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و سازکردنی پەنێل بۆ لێکۆڵینەوەی نەدا. لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکاندا، پێکەنیش گوێی نەدایە ئەو داوایەی پەنێل کە خوازیاری سەردان بوو بۆ سەر سنووری نێوان چین و کۆریای باکوور.

لەمڕووەوە، دەسکەوتەکانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر بنەمای ئەو وێنە ماهوارەییانە و وتووێژ لەگەڵ ٨٠ کەس لەو کەسانەیە کە ڕاستەوخۆ بینەری ئەو تاوانانە بوون. بەشێکی زۆر لەم شاهیدانە لە کۆریا هەڵاتوون و لە کەمپی بەندکراوان خۆیان دەرباز کردووە و لە سنووری چینەوە هەڵهاتوون.

شایانی باسە کە لەم ساڵانەی دواییدا کۆریای باکوور بەردەوام لە ریزی هاوپەیمانانی سوونەتیی وڵاتانی سەرکوتکەری وەك ڕێژیمی ئێران و سووریەدا بووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پرۆژەی ئەتۆمیی ئەم وڵاتانەدا گێڕاوە.

## سەردانی مستەفا هیجری لە دوکتور کەماڵ مەزهەر لە شاری هەولێر

ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە باری تەندروستیی "دوکتور کەماڵ مەزهەر" مێژوونووس و کەسایەتیی ناوداری کورد، لە شاری هەولێر سەردانی ناوبراوی کرد.دوکتور کەماڵ مەزهەر وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لە سەردانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لەو هاودیتنەدا بارودۆخی ناوچە و کوردستان و هەروەها دۆخی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.دوکتور کەماڵ مەزهەر ساڵی ١٩٣٧ی زایینی لە کەرکووك لە دایك بووە و دامەزرێنەری بەشی مێژووی زانکۆی بەغداد بووە و چەندین کتێبی مێژوویی لەسەر کورد و کوردستان نووسیوە و هەنووکە لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.

## سەردانی دوو پارتی سیاسیی کوردستانی تورکیە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی شاندێکی هاوبەشی پارتی وڵاتپارێزی باکوور و پارتی سوسیالیستی باکوور بە سەرپەرەستیی "نیزامەدین تاج" ناسراو بە "بۆتان" سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازیی لێ کرا.لەم هاودیتنەدا نیزامەدین تاج ئامانج لەم سەردانەی بۆ حیزبی دێموکرات بۆ ئاڵوگۆڕی نەزەر لەسەر کۆمەڵێك پرسی سیاسیی پێوەندیدار بە کورد و ڕەوشی سیاسیی باکووری کوردستان و پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە و هەروەها ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای ئەو ڕەوتەی ئاماژە پێکرد. لەو پێوەندییەدا بەڕێز سکرتێری گشتی حیزب لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕوانگەی بە نیسبەت پرسی کورد بەگشتی قسەی کرد. هەروەها سپاسی هەر دوو حیزبی دۆستی لە باکووری کوردستان بۆ سەردانەکەیان کرد و لەسەر پێوەندی برایانە و دۆستانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵیان جەختی کردەوە.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵە بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "کەریم پەرویزی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەشداریی کرد.شاندی حیزبی دێموکرات بڕووسکەی پیرۆزبایی خۆی لەو ڕێوڕەسمەدا پێشکەش کرد.

## د. ئیسماعیل بێشکچی، تاجەگوڵینەی لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی ڤییەن دانا

ڕێکەوتی٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، دوکتور ئیسماعیل بێشکچی کەسایەتیی ناسراوی تورك، بە بەشداری کۆمەڵێك لە نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حێزبی دێموکرات و کوردانی دانیشتووی ڤییەن، تاجەگوڵینەی لە سەر مۆنۆمێنتی شەهید د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە "ڤییەن"ی پێتەختی ئوتریش دانا.

لە کاتی سەردانی بێشکچی لە مۆنۆمێنتی شەهیدانی ڤییەن، نوێنەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ باکوور، حیزبی شیوعیی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق و کۆمەڵەی ژنانی کورد لە ڤییەن، بەشدار بوون.

## هاودیتنی دوو شاندی حیزبی دێموکرات و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێر

ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن شاندێکی یەکگرتووەوە بە سەرپەرستیی "محەممەد فەرەج" ئەمینداری گشتییەوە پێشوازیی لێ کرا. ئامانجی سەردانی شاندی حیزبی دێموکرات لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پیرۆزبایی کردنی یادی ٢٠ ساڵەی دامەزرانی ئەو حیزبە بوو. لەو هاودیتنەدا "محەممەد نەزیف قادری" پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٠ەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان بە ڕێبەرانی ئەو حیزبە ڕاگەیاند.

## سەردانی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە

ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسەی لە پاریس کرد و لەلایەن شاندێکی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرستیی "لیدا سەمەر بەخش" بەرپرسی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا. لەو هاودیتنەدا شەرەفی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران و ئەنجامی تەحریمە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەریی ئەو تەحریمانە لەسەر ئابووریی ئێران و ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و پاشەکشەی ڕێژیمی ئێران و ناچاربوونی بە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ١+٥، قسەی کرد و سەبارەت بە سەرکۆماری نوێی ڕێژیمی ئێرانیش، وتی: هەر چەند کە لە دەرەوەی وڵات پڕوپاگەندەیەکی زۆر بۆ ئەو دەوڵەتە وەڕێ خراوە و وەکوو دەوڵەتێکی میانەڕەو دەیناسێنن، بەڵام لە ڕاستیدا لە نێوخۆی ئێران هیچ ئاڵوگۆڕێك ڕووی نەداوە و بگرە سەرکوت و ئیعدام بەتایبەت لە کوردستان و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران توندتر بووەتەوە. دۆخی هەنووکەیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، دەسکەوت و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، ڕەوتی وتووێژەکانی نێوان پ‌کەکە و دەوڵەتی تورکیە، دۆخی هەنووکەیی کوردستانی سووریە، کۆمەڵە بابەتێکی دیکە بوون کە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو دیدارەدا پڕژایە سەریان.لیدا سەمەربەخش، سەرپەرستی شاندی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسە وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لە دیداری شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەو حیزبە، پشتیوانیی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕانسەی لە پێوەندی هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت ناوچەکە و ئازادیخوازان و هێزە پێشکەوتنخوازەکان دووپات کردەوە.

## بەیاننامەی یەکیەتیی پێشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی

هاونیشتمانانی خۆشەویست:

مامۆستایانی ڕووناکبیر و ماندوویی نەناس:

هەروەك هەموومان ئاگادارین زمان سەرەتایی ترین و بنەمایی‌ترین توانایی هەرمرۆڤێکە پاش هاتنە دنیای و لە ڕێگای ئەم چەمکە گرینگەوەیە کە یەکەمین وشەکان لەناخی‌دا هەڵدەقوڵێت و دەریان دەبڕێت.زمان ئەو بەشە گرینگە لە توانایی هەر مرۆڤێکە کە لە ڕێگای ئەوەوە ، پردی پێوەندی نێوان خواست و ویست و ئاوات و بیروباوەڕەکانی مرۆڤایەتی چێ دەبێت و پێوەندی نێوان مرۆڤەکان بە کەڵك وەرگرتن لەم تواناییە زاتییە پێك دەهێندرێت.لەونێوەدا زمانی دایکی وەك سەرەتایی ترین و هەوەڵین ئامرازی ئاخافتنی مرۆڤ لەگەڵ دنیای دەوروبەری گرینگێکی چەند قات دەگرێتە خۆ. زمانی دایکی ئەو زمانەیە کە شووناسی هەر تاکێك پێك دێنێت و لە ڕێگای ئەم زمانەوە مرۆڤەکان کەلتوور و داب و نەریتەکانیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەڕێدەکەن و حەز و خولیای رابردۆکانیان لەگەڵ ،ئاوات و ئامانجە بەرزەکانی داهاتووان گرێ دەدەن . هەر لەم ڕەوەیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەگەر بە دوای ناسین و ئاشنایەتی لەگەڵ مێژووی کۆن و ژیانی ئەمرۆکە و داهاتووی دوارۆژی هەر گەل و نەتەوەیەك بن ، ئەرکی فێر بوونی زمان و وێژە و شێوەی ئاخافتنی ئەو گەل و نەتەوانە لە سەرەوەی ئامانجەکانیان دادەنێن.هەر لە پێوەندی لەگەڵ گرینگی زمانی دایکی دایە کە هایدیگێر ؛زانا و بلیمەتی ئاڵمانی زمانی دایکی وەك دڵی هەست و خولیاکانی مرۆڤ پێناسە دەکات . لەڕاستیدا ئەوە زمانی دایکییە کە گشت هزر و هیواکانی مرۆڤ بە جوانترین شێوە دەگەیەنێتە لایەنی بەرامبەری مرۆڤەکان و لەژێر سێبەری زمانی دایکیدایە کە بە سەدان بیرمەند و شاعیر و نووسەر جوانییەکانی نێو هزریان تێکەڵ بە کولتووری نەتەوەکانیان کردووە و لە ڕۆمان و پارچە هەڵبەستێك و هزرێکی پاراودا پێشکەشی بارەگای مرۆڤایەتیان کردووە. هەر بەم هۆیەش بێبەش کردنی هەرتاکێك لە ئاخافتن و بیر کردنەوە بەم تواناییە زاتییە بەرامبەرە لەگەڵ ژێنۆسایدی هزری و فکریی ئەو مرۆڤە.

هاونیشتمانانی بەڕێز:

باس کردن لە گرینگیی زمانی دایکی زیاتر لە چەند دێڕێك هەڵدەگرێت و پێویست بە سەدان کتێب و پەڕتووك دەکات و هەر لەبەر گرینگیی ئەم چەمکە مەزنەی کولتووری مرۆڤایەتی ڕێکخراوەی کولتووری و پەروەردەیی سەربە نەتەوە یەکگرتۆکان واتا یۆنسکۆ لە ساڵی ١٩٩٩ی زاینی ڕۆژی ٢١ی فێورییەی هەرساڵەی وەك ڕۆژی جیهانی ڕێز لێنان لە زمانی زگماکی دەست نیشان کردووە و لەو ساڵەوە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بۆ بووژاندنەوەی ئەو زمان و زاراوانەی کە لەناو کۆمەڵگاکانیاندا بوونیان هەیە کەوتوونەتە کار و هەوڵەکانیان وەگەڕخستووە. وڵاتی ئێمەش ئێران کە وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە کولتوور و زمانە، خاوەنی خەزێنەیەکی گرینگی مرۆڤایەتی و جیهانییە کە جێگای شانازییە بۆ گشت مرۆڤایەتی. بەڵام ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆ و پاوانخوازانەی کە لە ماوەی ئەم یەك سەدەیەدا لە ئێران هاتوونەتە سەرکار، نەتەنیا ئەم فرە زمانییەیان بە خێر و بەرەکەت نەزانیوە و دانیان پێدا نەناوە و هیچ هەوڵێکیان بۆ بووژانەوە و پەرەپێدانی نەداوە، بەڵکوو تەنانەت چاویان بەرایی ئەوەشی نەداوە کە زمانی بە میلیۆنان مرۆڤ لە گەلانی ناو ئێران بەفەرمی بناسن و تەنیا بە زاراوە و "گویش" ناویان دەبەن.

مامۆستایان و ڕووناکبیرانی کوردستان:

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك میرات گرێکی بێ ئەملا و ئەولای دەسەڵاتی پاشایەتی نەتەنیا لەمەڕ چەوساندنەوەی زمانی نەتەوەکانی ناو ئێران هیچ لە دەسەڵاتی پێشوو وەدوا نەکەوتووە بەڵکوو بەچەند قات زیاتر هەوڵی ئاسمیلە کردن و لەبەین بردنی زمانی نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێران یەك لەوان زمانی گەلی کوردی داوە. لە نوێترین بڕیار و هەڵوێستی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا، کاتێك کە کۆمەڵێك کەس لەناو دەوڵەتی تازەی ڕێژیمدا باسی جێبەجێ کردنی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی وڵات، سەرەڕای هەموو ئەو کەمو کوڕیانەی کە تێیدایەیان کرد، ناوەندی ژێر ڕکێفی وەلی فەقیهی ڕێژیم بە ناو فەرهەنگستانی زمانی فارسی دژی وەها بڕیارێك ڕاوەستا و هەرچەشنە هەنگاوێك بۆ پەرەپێدان و شەرعیەت دان بە زمانە دایکییەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی وەك هێڵی سوور و مەترسی بۆ سەر زمانی داسەپاو واتا زمانی فارسی ناودێر کرد و بەم جۆرە جارێکی دیکە دوژمنایەتی هەمەلایەنەی ڕێژیمی لە هەمبەر شووناس و مان و مەوجودیەتی گەلانی ناو ئێرانیان دووپات کردەوە.

خەڵکی وشیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوەها ڕەوشێکدا کە ڕێژیم بەرووهەڵماڵاویی تەواو دژی زمانی نەتەوەکانی ئێران و یەك لەوان زمانی پاراوی کوردی دەوەستێتەوە، ئەرکی تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت توێژی خوێندەوار و مامۆستا بۆ پاراستنی زمانی کوردی بە چەند قات قورس تر دەبێت. لە وەها قۆناخ و سەردەمێکدا کە دوژمنانی زمانە جوانەکەی کوردی بە ڕاشکاوییەوە پەرە گرتن و پێشکەوتنی زمانی نەتەوەکانی ئێران بەتایبەت زمانی کوردی بە مەترسی بۆ سەر زمانی باڵادەست دەزانن، ئێمە دەبێ شێلگیرتر لە جاران هەوڵەکانمان وەگەڕ بخەین بۆ ئەوەی کە نەوەی ئەمڕۆ و داهاتوومان هەرچی زیاتر لەگەڵ ئەم مافە سەرەتایی و بنەڕەتییە ئاشنا بکەین و فێر کردنیان بە زمانی شیرینی کوردی بکەینە ئامانجێکی پیرۆز و سەرەکی خۆمان و لە هەموو ڕێگایەکەوە دژی ئاسمیلە کردنی زمانی دایکیمان بوەستینەوە.

لە کۆتاییدا ئێمە وەك یەکیەتیی پێشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی گەرم بە بۆنەی ٢١ فێورییەی "٢ی ڕەشەممە" ڕۆژی جیهانی زمانی دایکیی لە هەموو خەڵکی کوردستان، ڕادەگەیەنین کە لە خەبات بۆ بووژاندنەوە و پاراستنی زمانی نەتەوەکەمان ئێمە پشکی شێرمان بەر کەوتووە و چالاك تر لە جاران بۆ ئەم چەمکە پیرۆزە هەوڵ دەدەین و با دووژمنانی گەل و نەتەوەکەمان بزانن کە تا زارۆك و منداڵێکی کورد بە زمانی شیرینی دایکیی ناوی پیرۆزی دایك و نیشتمان بێنێتە سەر زمان ،هەموو هەوڵەکانیان بۆ نەهێشتنی زمانەکەمان ئەبێتە بڵقی سەرئاو و ڕوو ڕەشی لە مێژوودا هەر بۆ دوژمنانی گەلان دەمێنێتەوە.

پیرۆز بێت ٢ی ڕەشەممە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی.

یەکیەتی پێشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران

## دەورەی ٢١٠ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان کۆتایی پێ هات



رۆژی یەکشەممە ٢٠ی رێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێوڕەسمێك بە بۆنەی کۆتایی پێ هاتنی دەورەی ٢١٠ سەرەتایی پێشمەرگە بەڕێوەچوو. سەرەتای رێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" و پاشان رێژەی نیزامی، شەڕی سەرنێزە و هەروەها بڕینی "مەیدانی مەوانیع" دەستی پێ کرد. پاشان "ئیلهام چایچی" ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران و بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتوانەی دەورەی ٢١٠ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا بەشداربوانی دەورەی ٢١٠ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان، سروودێکیان خوێند و لە درێژەدا "بوداغ بوداغی" لە راهێنەران و مامۆستایانی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکرات، راپۆرتی ئامووزشیی دەورەکەی خوێندەوە. دواتر راپۆرتی دەورەی ٢١٠ی سەرەتایی فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن "عەبباس زەندی" بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە. لە کۆتایی رێوڕەسمەکەدا سەرکەوتوانی خولەکە لە بواری نەزم و دیسیپلین و هەروەها نومرە دەرسییەکانییانەوە لەلایەن کومیسیۆنی پەروەردەی حیزبەوە خەڵات کران.لە نێواخنی ئەو رێوڕەسمەدا چەندین گۆرانی و شیعر لەلایەن بەشداربوانی خولەکەوە پێشکەش کرا.

## گیان لەدەست دانی گوماناویی زیندانییەکی کورد لە بۆکان

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، رێکەوتی ٢٣ی رێبەندان، سامان دادڕەس کوڕی محەممەد، خێزاندار و خەڵکی شاری بۆکان، کە لە زیندانی ئەو شارە، بە شێوەیەکی گوماناویی گیانی لە دەست داوە هۆکاری گیان لەدەست دانی روون نەبۆتەوە. تەرمی ناوبراو پاش ٣ رۆژ ڕاگیران لە پزیشکی دادوەریی ئەو شارە، ڕادەستی بنەماڵەکەی کراوەتەوەو بە خاك سپێردراوە. ئەو زیندانییە کوردە سەرجەم ١٢ ساڵ، لە زینداندا بووە، کە پاش ٥ ساڵ ڕاگیران لە زیندانی بۆکان، سەرئەنجام بەشێوەیەکی گومانی گیانی لەدەست داوە.

## بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان، هاووڵاتییەکی سنەیی کوژرا و دووی دیکەش بریندار بوون

رێکەوتی ٢٢ی رێبەندان، هێزە نیزامییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بەر درگای زیندانی ناوەندیی شاری سنە تەقەیان لە ئۆتۆمبیلێکی جۆری پرایدی کە هەڵگری ٣ هاووڵاتی بوو، کرد. لە ئەنجامی تەقەی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکان، شۆفیری پرایدەکە کوژراوە و دوو سەرنشینەکەی دیکەش بە توندی بریندار بوون.

## گوندنشینەکانی بۆکان خۆیان رێگای هاتوچۆیان نۆژەن دەکەنەوە

رێگای هاتوچۆی چوار گوندی شارستانی بۆکان بەناوەکانی "ئاڵی کەند، ئەسپۆغە، هەباس ئاوا و مەڵا لەر" بە مەودای ٢٠ کیلۆمیتر، کە زیاتر لە چوار ساڵە چاوەڕێی نۆژەنکردنەوەیە و هەموو ساڵێك بەرپرسانی رێژیمی ئێران بەڵێنیی چاك کردنەوەی دەدەن، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵناگرن. بەرپرسانی رێژیم هەموو ساڵێك لە بۆنە تایبەتییەکانی رێژیمی ئیسلامیدا بەڵێنیی چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ئەو ٢٠ کیلۆمیتر رێگایە دەدەن، هەر بۆیە خەڵکی ئەو چوار گوندە بۆ خۆیان بە کۆکردنەوەی پارە و بە کرێ گرتنی لۆدێر و گریدێر دەستیان داوەتە نۆژەنکردنەوەی رێگاکە و خێزرێژیان کردووە.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەریوان

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "تۆفیق ئەفسەری" خەڵکی گوندی "نێ"ی سەربە شارستانی مەریوان، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو مرۆڤێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو و ئەرکە حیزبییەکانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکرد. تۆفیق ئەفسەری ساڵی ١٣٦٧ لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر و بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی کرا و لەم ساڵانەی دواییشدا لەژێر چاودێریی هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك تۆفیق دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر لە مەهاباد ماڵاوایی لە ژیان کرد

رێکەوتی ٢٠ی رێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد بەناوی "غەفوور خدرنژاد" ناسراو بە "غەفووری مام کەریمی گاگەش" بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لە سەرەتای هێرشەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆسەر کوردستان، چووە ریزی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان. غەفوور خدرنژاد رێکەوتی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٦١ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانەی هێزی پێشەوا لەگەڵ رێژیمی ئێراندا بریندار کرا. دواتر بە برینداری کەوتووەتە دەستی هێزەکانی رێژیم بۆ ماوەی ٧ ساڵ لە زیندانی ورمێ دەسبەسەر و بەهۆی پێڕانەگەیشتی پزیشکانی نەخۆشخانە برینەکەی لێ قووڵ بووەوە و لە ئەنجامدا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و هەر بەو هۆیەوە کۆچی دوایی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك غەفوور دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ٢٠ی رێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "ئەحمەد قادر زادە" ناسراو بە "ئەحە چکۆل" کوڕی عەلی، خەڵکی گوندی "دەرەتفێ"ی سەربە شارستانی مەریوان، بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. ناوبراو هەر لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ٥٧ەوە پەیوەست بە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لە هێزی "زرێبار" لە شاری مەریوان سازمان درا. قادرزادە لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا لە بەرەکانی شەڕ دژی رێژیمی ئیسلامیی ئێران دوو جار بریندار کرا. لەم دواییانەدا لە هەرێمی کوردستان دانیشت و وەك ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب درێژەی بە کار و باری حیزبیی خۆی دا. لە بنەماڵەی قادرزادە، ٤ کەسیان شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و رێگای رزگاریی کوردستانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك ئەحمەد دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شنۆ ماڵاوایی لە ژیان کرد

رەحیم دامەنگیر ناسراو بە "شەمێڵە" ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی گوندی "جەڵدیان"ی سەربە شارستانی پیرانشار، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو ئەندامێکی بە وەفا و دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە ئەرکە حیزبییە پێ سپێردراوەکانی بە باشی جێبەجێ دەکرد. کاك رەحیم پێستر لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هەتا ١٣٦٤ پێشمەرگەی حیزب بووە.

تەرمی ئەو ئەندامەی حیزبی دێموکرات لەگوندی "توان"ی سەربە ناوچەی پیرانشار بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## دایکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە سەوڵاوا کۆچی دوایی کرد

عەتییە عەبدی دایکی شەهید تەها عەبباسی خەڵکی گوندی "دەگاگا"ی سەربە شارستانی "سەوڵاوا" لە پارێزگای سنە، بەهۆی نەخۆشیی دڵ لە نەخۆشخانەی شاری سنە کۆچی دوایی کرد. عەتییە عەبدی ژنێکی ئازا و نیشتمانپەروەر بوو کە ساڵی ١٣٦٤ بوو بە ئەندامی حیزب و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکە حیزبییەکانی بەجێ دەگەیاند.ناوبراو چەندین جار لەلایەن هێزەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر و ئەشکەنجە و بۆ ماوەیەکیش زیندانی کراوە. شەهید تەها عەبباسی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی دەگاگا لە دایك بووە و لەسەرەتای ساڵەکانی ٥٧ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و وەکوو سەرپەلێك ئەرکە حیزبییەکانی بەڕێوەدەبرد.

ناوبراو ساڵی ١٣٦١ لە گوندی "ژان" لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید کرا و تەرکەمەی لە ئاوایی بێساران بە خاك سپێردراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ٣ ئەندامی بنەماڵەیەکی نیشتپانپەروەر بەهۆی رووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەست دا

رێکەوتی ٢٢ی رێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە کاتی گەڕانەوەیان لە تارانەوە بۆ بۆکان، لە ئاکامی رووداوێکی هاتوچۆدا لە نزیك بیجار، سێ ئەندامی بنەماڵەیەکی خەڵکی بۆکان بە ناوەکانی "حاجی عەبدولکەریم ئیسماعیل پوور، حاجی شاناز ئیسماعیل پوور، دوکتور بەهار سۆفی زادە" گیانیان لە دەست داوە. هاووڵاتییەکی دیکەش لەو رووداوەدا بە توندی بریندار بووە و هەنووکە لە حاڵەتی کۆما دایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کار و دۆستانی حاجی عەبدولکەریم دەکات و خۆی لە خەمیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کۆچی دوایی کەسایەتییەکی ناسراوی شار سەقز

رێکەوتی ٢٤ی رێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، "حاجی خەلیفە سابیر نیلووفەری" کوڕی "محەممەد حوسێن" کەسایەتیی ناسراو و خۆشەویستی شاری سەقز لە تەمەنی ١٠٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو جگە لەوەی کە نیشتمانپەرەوەرێکی دڵسۆز بوو، یەکێك لەو وەرزشکارە ناودار و دێرینەکانی کوردستان و شاری سەقز بوو کە لە بواری زۆرەوانیی باستانیدا ناوبانگی هەبوو. حاجی خەلیفە سابیر یەکێك لە جەراحە ناوچەییەکان بوو کە بە درێژایی تەمەنی بێ بەرامبەرخزمەتی خەڵکی کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەس و کاری دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

## کۆچی دوایی باوکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە ناوچەی سەوڵاوا

رێکەوتی ٢٢ی رێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، "مام فەتحوڵڵا مورادی" باوکی شەهید "حەمە سەعید مورادی" ناسراو بە "شاهۆ" خەڵکی ئاوایی "پایگەلان"ی سەربە شارستانی سەوڵاوا، ، بەهۆی پیری و بەساڵداچوون لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. مام فەتحوڵڵا کەسێکی خۆشناو و جێگای رێز و متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو و تەرمەکەی هەر ئەو رۆژە لەنێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بەخاك سپێردرا. شەهید محەممەد سەعید (شاهۆ) موراد‌ی ساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی "پایگەلان"ی سەربە شارستانی سەوڵاوا لەدایك بوو. ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە رێکەوتی ٢٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شوێنێك بە ناوی "گڵیە" شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری مام فەتحوڵڵا مورادی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری ناوچەی مەهاباد کۆچی دوایی کرد

"خەلیل پەسوەیی" بەرپرسی کۆمەڵگای کەمەندامانی مەهاباد و کەسایەتیی نیشتمانپەروەری ناوچەی موکریان، بەهۆی جەڵتەی دڵ لە تەورێز لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو لە سەردەمی ئاوارەیی کوردەکانی باشوور لە کوردستانی ئێران، بەرپرسی کەمپی ئاوارەکان لە مەهاباد بووە و یارمەتییەکی زۆری پێشکەش بەو ئاوارانە کرد. تەرمی پەسوەیی، بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر لە شاری مەهاباد بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك خەلیل دەکات و خۆی لە خەمیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پیرانشار کۆچی دوایی کرد

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "رەحیم سوڵتانی ئازەر" کوڕی "مەحموود"، خەڵکی گوندی "خورخوڕە"ی سەربە شارستانی مەهاباد، بە هۆی رووداوی هاتوچۆ گیانی لە دەست دا. ناوبراو شۆفیری تانکێرێکی سووتەمەنی بووە کە بەهۆی ئاگرگرتنی تانکرەکەی لە شارۆچکەی "چۆمان"ی هەرێمی کوردستان گیانی لە دەست داوە. تەرمەکەی رەوانەی پیراشار کرایەوە و لە نێو ئاپۆرای خەڵدا لە گۆڕستانی "کۆنە خانێ" بە خاك سپێردرا. کاك رەحیم ئەندامێکی دڵسۆز و بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە ئەرکە حیزبییەکانی خۆی بە باشی جێبەجێ دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# ڕاپۆرتی سیاسیی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات

دەقی پەسەندکراوی ڕاپۆرتی سیاسیی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات کە ڕێکەوتی ١٢ هەتا ١٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی بەڕێوەچوو.

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناغی تێپەڕبووندا (گوزار)**

بە دوای بەهاری عەرەبیدا، سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لانیکەم بەشێك لە باکووری ئەفریقا تێکچووە و بەگشتی تا ئێستا لە حاڵی تێپەڕبووندان و ماوەیەکی دیکەشی پێدەچێ تا سەقامگیری بێتەوە ئاراوە:

ـ توونس، چەخماخەی ئاڵوگۆڕ و بشێوی: بە پەسندکردنی یاسای بنەڕەتی خەریکە سەقامگیری خۆی لەسەر ڕێڕەوێکی تا ڕادەیەك دێموکراتیك بەدەست بێنێتەوە.

ـ میسر لە ماوەی کورتی چوار ساڵیدا هەر لە کوڵاندایە، پەسندکردنی یاسای بنچینەیی لەوێ لە مانگی ڕابردوودا هەنگاوێکی بەرچاوی بەرەوپێش و بەرەو سەقامگیری بوو، بەڵام هێشتا مەودای زۆری ماوە، ئەخوانولموسلمین هێشتا بەهێزی زۆرەوە خەریکی بەربەرەکانێ و دژایەتیی دەسەڵاتی نوێن، بۆیە دەتوانن ماوەی پرۆسەی تێپەڕبوون درێژتر بکەنەوە.

ـ لە سووریە زۆرتر بە هۆی بێ هەڵوێستیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و دەستێوەرنەدانیان بۆ ڕووخاندنی خێرای حکوومەتی بەشار ئەسەد هەلومەرجێکی لەبار بۆ ئێران و ئەلقاعیدە پێکهات کە شۆڕشی خەڵکی ئازادیخوازی سووریەیان بە لاڕێدا برد تا ئەو جێگایەی کە بەشار ئەسەد و ئەلقاعیدە بوونە ئەکتەری سەرەکیی کایەیەك کە ئێستا لە سووریە بەردەوامە، ئەوەش بوو بە مەترسییەك بۆ ڕۆژئاوا، ئیسرائیل و تورکیە.

ئێستاش دوای ٢ ساڵ کوشتار و وێرانی لە سووریە هەروا چەقی ئاڵۆزی چ لە باری تەشەنەکردنی ئاڵۆزی و چ لە باری کاریگەریی ئەو ڕووداوانە لەسەر سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ، شوێندانەر بووە.

ـ تورکیە کە بە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی حیزبی ئیسلامگەرای ئاك پارتی و بێدەسەڵات کردنی ئەرتەش لە بواری سیاسییەوە، بە خێرایی گەشەی کرد و خەریك بوو لە بواری بەڕێوەبردنی حکوومەت بە پێکهێنانی تەبایی لە نێوان دێموکراسی و ئیسلامی سوننە ببێتە ئولگوویەك لە ناوچەدا، بەڵام بە چەند هۆی وەکوو تێوەگلانی بە شێوەیەك لە شێوەکان لە شەڕی سووریە و هەروەها ناڕەزایەتی دەربڕینی ژمارەیەکی زۆر لە سێکولارەکان لە جەرەیانی پارکی گزی لە هاوینی ڕابردوودا و تێوەگلانی بەشێك لە ئەندامانی دەوڵەتی ئەردۆغان لە گەندەڵی و دژایەتیکردنی دەوڵەتەکەی لەلایەن کەسایەتیەکی بەنفووزی دیکەی ئیسلامگەرا وەك "فەتحوڵڵا گویلەن" تووشی کۆسپی گەورەی نێوخۆیی بووە. بەوانەشەوە ئێستاش بەپێی ڕاپرسی حیزبی ئاكپارتی حیزبی یەکەمە. ئەو وڵاتە کە شوێندانەرترین هێزی دەرەکیی یارمەتیدەری ئۆپۆزسیۆن بۆ لابردنی ئەسەد بوو، خەریکی چاوخشاندنەوە بە سیاسەتەکانیدایە و بۆ ئەو مەبەستە خەریکە لەگەڵ ئێران نزیك ببێتەوە و ڕەنگە لە سیاسەت و کردەوەکانی لەو پێوەندییەدا ئاڵوگۆڕ پێك بێنێ.

ـ لە عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەتایبەت لە ماوەی ٧ ـ ٨ مانگی ڕابردوودا ئەگەر بڵێین حکوومەتێك نییە زۆرمان نەگوتووە. هێزی توندئاژۆی دەوڵەتی عێراق و شام کە بە ناوی "داعش" ناسراوە دەستی بەسەر چەند ناوچەیەکی نزیك پێتەختدا گرتووە و بەغدای خستووەتە مەترسییەوە. مەترسیی بەهێزبوون و پەرەگرتنی زیاتری داعش، ئەمریکا و عێراق و ئێرانی بە مەبەستی سەرکوت کردنی ئەو هێزە لێك نزیك کردووەتەوە.

ـ عەربستانی سعوودی کە یەکێك لە یارمەتیدەرانی ماڵیی بە هێزی چەکدارەکان لە سووریەدایە، سیاسەتەکەی تووشی گرفت بووە و لە ئاڵوگۆڕی هاوکێشە سیاسییەکان زیانی لێدەکەوێ. ئەو ئاڵوگۆڕە دەتوانێ شوێندانەریی خۆی لەسەر مەسەلەی کورد لە سووریە و تورکیە دابنێ و سازانی هێزە زەبەلاحەکان بەتایبەت ئێران و تورکیە قوربانی کردنی PYD لە سووریەی لێ بکەوێتەوە و کورد دەرفەتەکەی لەچنگ بچێ و لە تورکیەش هەنگاوێکی کردەیی ئەوتۆ بۆ وەزعی کورد هەڵ نەگیرێ.

لە قۆناغی تێپەڕین لەم ناوچەیەدا و تا گەیشتن بە سەقامگیریی دووبارە، بێجگە لەو وڵاتانەی کە ئاماژەمان پێکردن و هەندێك وڵاتی دیکە کە لە ئێستادا شوێندانەرییان کەمترە، لە ٥ ـ ٦ مانگی ڕابردوودا درێژەی شەڕی نێوخۆیی سووریە و ئاڵوگۆڕی سیاسەتی دەرەکیی ئێران لەمەڕ پرۆژە ناوکییەکەی بوونەتە چەقی ئاڵوگۆڕی هاوکێشە سیاسییەکان.

**لە ئێراندا چ ڕووی داوە؟**

ملراکێشانی ئێران بۆ بڕیاری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەبارەت بە بەرنامە ناوکییەکەی هەروەك لە پلینۆمی پێشوودا (پلینۆمی پێنجەم) بەو ئاکامە گەیشتین کە ڕێژیم لە بواری وێرانیی ئابوورییەوە گەیشتووەتە خاڵێك کە بێجگە لە تەسلیم بوون لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا هیچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە و مل ڕادەکێشێ، ڕۆژی ٢٤ی نۆڤامبر ڕێککەوتنی کاتی لەنێوان گرووپی ١ + ٥ و نوێنەرانی ئێران ڕاگەیەندرا:

ـ ئاکامی ئەو ڕێککەوتننامە بە کورتی بریتییە لەوەی بەرهەمی ٢٠ ساڵ کارکردن لەسەر پرۆژەی ناوکی و سەرفی تێچوویەك کە هێندێك لایەن بە ١٧٠ میلیارد دۆلاری دەخەمڵێنن، لە دەست دەدا و لە بەرامبەردا ٤,٢ میلیارد دۆلار لە پارە بلۆکەکراوەکانی ئێران لە بانکەکاندا بە شێوەی قیستی و لە ٦ مانگدا ئازاد دەکرێ، بێجگە لەوە، گەمارۆکان لە چەند خاڵێکی سنووردار‌دا شل دەکرێتەوە.

شارەزایان لەو بڕوایەدان کە بەرهەمی ڕێژیمی ئیسلامی لەو ٢٠ ساڵەدا بریتی بوو لە ٧٠٠٠ کیلو ئورانیۆمی تا ٥٪ پیتێندراو و ١٩٥ کیلو تا ٢٠٪. بەپێی نرخێك کە ڕووسیە بەرهەمی وزەی ئەتۆمی دەفرۆشێ، بایی هەموو ئەو بەرهەمەی ئێران لە ٧ میلیۆن دۆلار تێناپەڕێ.

بەپێی ڕێککەوتننامەی کاتیی ٦ مانگەی ئێران و گرووپی ١ + ٥ ئورانیۆمی پیتێندراوی ٢٠٪ دەبێ بکاتەوە بە ئۆکسیدی ئورانیۆم و ڕادەی ئورانیۆمی ٥٪ پیتێندراویش نابێ زیاد بکرێت.

ـ بەڵام تێچووی لاوەکیی پێداگریی ئێران لەسەر درێژەدانی پیتاندنی ئورانیۆم زۆر زیاتر لەوانەش بووە:

لە ٨ ساڵی ڕابردوودا بە هۆی پەسندکرانی گەمارۆکان، ئێران نەیتوانیوە تەنانەت یەك فاز لە فازەکانی "پارسی جنووبی" کە پەرەپێدانی بەرهەمی گازە، جێبەجێ بکا. لە حاڵێکدا ئەگەر بیتوانیبا ئەو فازانە بگەیەنێتە بەرهەمهێنان، بەرهەمی گازی ئێران دەکرا ١/٨ میلیارد میتری سێجا لە ڕۆژدا زیاد بکا، کە ئەوە دەیتوانی ساڵانە تا ١٠٠ میلیارد دۆلار بۆ وڵات داهاتی هەبێ.

زیادە تێچووی بازرگانیی ئێران بە هۆی ئەو گەمارۆیانەوە ساڵانە دەیان میلیارد دولارە.

دابەزینی داهاتی دراوی لە هەناردە کردنی نەوت لەو ماوەیەدا ساڵانە ٦٠ میلیارد دۆلارە.

ئێران تا ئێستا ڕێککەوتووە کە ماوەی ٣ ساڵ بەڵێنە تەواوکەرەکانی دیکە کە دەکەوێتە سەرشانی (دوای ئەو ٦ مانگە) بەڕێوەی بەرێ تا ئەو گەمارۆیانە لەسەری هەڵگیرێ، بەڵام ئەمریکا داوا دەکا ئەو ماوەیە (تاقیکاریی دروستی) دەبێ ١٠ ساڵ بێ، تاکوو ئێران ئەو مافەی پێ بدرێ کە ئورانیۆمی پیتێندراوی پێویست بۆ کاروباری وزە و دەرمان، بەرهەم بێنێ.

ئەو کارەساتە ئاکامی سەرەڕۆیی و نەزانکاریی ڕێبەرانی ڕێژیم لە پلاندانان و بەدواداچوون و حیساباتێکی هەڵەیە کە ٢٠ ـ ٢٥ ساڵ لەسەر ئەو پرۆژەیە بەردەوام بوون و ئەو هەموو خەسار و زیانە ماددییە و زەربەیەکی گەورە لە ئاستی جیهاندا لە ئیعتباری ئێران کەوت، سەرەڕای ئەوانەش سەرانی ڕێژیم دروشم دەدەن کە ڕۆژئاوایان بە چۆکدا هێناوە.

**ڕەنگدانەوەی ئەوڕێککەوتننامە لە ئاستی نێونەتەوەییدا:**

لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو بۆچوونە خەریکە زۆرتر جێ دەگرێ کە دەوڵەتی ڕووحانی بە گوتار و سیاسەتێکی جیاواز هاتووەتە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێران، بە پێچەوانەی دەورانی ٨ ساڵەی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد دەوڵەتی تازەی ڕێژیم بۆ بڕیارەکانی نێونەتەوەیی و ڕۆژئاوا لە باری ڕاگرتنی پیتاندنی ئورانیۆم، مل ڕادەکێشێ و ئەدەبیاتی نەرم کە بۆنی جۆرێك سازان و گوێڕایەڵیی لێ دێ، بووەتە هۆی گۆڕینی سیاسەتی نێونەتەوەیی لە سەرووی هەموویان ئەمریکا و سەرکۆمارەکەی بە نیسبەت ئێرانەوە.

لەسەر بە دەستهێنانی بازاڕی ئێران لە چوارچێوەی شل کردنەوەی ئابلۆقە لە هێندێك بواری سنووردار‌دا و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانیان، کێبەرکێ دروست دەکا.

هاتنی هەیئەتی پارلمانیی ئورووپا و بریتانیا بۆ ئێران و بەرنامەی سەفەری هەیئەتی پارلمانی ئێران بۆ لەندەن، دەرگایەکی تازەی دیپلۆماسی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە.

هێندێك دەوڵەت لە ناوچەدا سیاسەتەکانیان لەگەڵ ئێران لەسەر بنچینەی دوژمنایەتیی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و ملنەدانی ئێران بۆ بڕیاراتی نێونەتەوەیی لەسەر پیتاندنی یورانیۆم داڕشتبوو کە ئەو ملنەدانەی ڕێژیمی ئێران جاروبار لێکدانەوەی هێرش بۆ سەر ڕێژیمی ئێرانی لێدەکەوتەوە. ئەم سازانە بۆ ڕێبەری ڕێژیمی ئێران و گرووپی ١+٥ هەڵوێستی ئەوانی گۆڕیوە، بۆ وێنە:

ـ سەفەری ئەردوغان بۆ ئێران و هەروەها عەرەبستانی سعوودیش لە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکانی لەگەڵ ئێران دایە.

ـ وڵاتانی خەلیج لەو بارەوە زۆرتر چوونەتە پێش.

ئاڵوگۆڕەکانی دیکەی ناوچە لە هێندێك بواردا ئێران و ئەمریکای هاوئاراستە کردوە. بۆ وێنە مەترسیی بەهێزبوونی ئەلقاعیدە لە سووریە و عێراق کە بەرژەوەندییەکانی هەر دوولای خستوەتە مەترسییەوە، هەڵوێستی یەکسانی لای هەردووکیان دروست کردوە، بەتایبەت لە عێراقدا و بە دژی "داعش".

وادیارە سەرەڕای هێندێك گرفتی بچووك لەسەر ڕێگای بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕێکەوتننامەکە، ئەو ڕەوتە دەچێتە پێشێ بەو هۆیانەوە:

١ـ حکوومەتی ئێران لەو ماوەیەدا هەموو ڕێگا سەختەکانی تاقی کردوە کە بتوانێ دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات. بەڵام هیچ ئاکامێکی دەست نەکەوت و گەیشتە خاڵی کۆتایی. ڕێژیمی ئێران بە ویستی خۆی نەچووەتە ژێر باری ئەو بەڵێنانەوە، بەڵکوو لە ڕووی ناچارییەوە و بۆ مانەوەی خۆی و پاراستنی ڕێژیمەکەی ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردووە، بۆڵەبۆڵەکانی پارلمان و هێندێك لە مەلاکان بە جێگایەك ناگا لەبەر ئەوەی وەلیی فەقیە تێگەیشتووە کە بێجگە لەوە ڕێگایەکی دیکە نیە و قسەی کۆتایش ئەو دەیکا.

لە ڕۆژئاوادا و بەتایبەت ئەمریکا و ئیسرائیلیش بەو ڕێکەوتننامە ڕازین، چوونکە ئەوەی ئەوان لێی دەترسان دەست ڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بوو، ئەو ڕێکەوتننامەیە جێگایەك بۆ ئەو مەترسییە ناهێڵێتەوە و لە کۆتاییدا ئێزن پێدانی ئێران بۆ پیتاندنی یورانیۆم بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری، بۆ ڕۆژئاوا زۆر ئاساییە، چوونکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە ڕایانگەیاندبوو کە ئێران وەك هەموو وڵاتانی دیکە مافی ئەوەی هەیە وزەی ناوکی بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە بەدەست بێنێ، بەو مەرجەی بیسەلمێنێ کە لە هەوڵی دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی نادا.

لە درێژخایەندا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەر بەوە لە کۆماری ئیسلامی ڕازی نابێ کە چەکی ئەتۆمیی نەبێ، بەڵکوو یارمەتیدانی بە دەوڵەت و گرووپە تیرۆریستییەکانی وەك حیزبوڵڵا، سوریەی بەشار ئەسەد و... لە مەترسی خستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شوێنەکانی دیکەی دنیا.

هەڕەشە کردن لە ئیسرائیل و باقی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچە و... هەموو خاڵی ناکۆکیی نێوان ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە، ئێستا کە خاڵی لاوازی ڕێژیمیان دیوەتەوە کە دەتوانن بە گوشارهێنان داخوازییەکانی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، چاوەڕوان دەکرێ بە دوای وەڕێ خستنی یەکجاریی ڕەوتی سازانی پرۆسەی ناوکی، ئەوجارە گوشارەکانی ڕۆژئاوا بە شێوەی گونجاوی خۆی بۆ سەر ڕێژیم دەست پێ بکاتەوە بەتایبەت کە ئیدئۆلۆژی و عەقڵییەتی ڕێژیم دژی ئەو نۆرم و بەهایانەن کە لە قۆناغی تێپەڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ شکڵگرتنێکی دیکە و سەقامگیریی ئەو ناوچەیە کە ڕۆژئاوا هەوڵی بۆ دەدا بە دڵخوازی خۆی دابڕێژێتەوە، هەر بۆیەش درێژەدانی ملهوڕیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و بگرە بوونی ڕێژیمەکە بەرەو کۆتایی دەچێ.

**سیاسەتی ڕێژیم لە نێوخۆی ئێران لە دەوڵەتی ڕووحانیدا**

وەك پێشتر پێشبینیمان کردبوو "سازان لەگەڵ ڕۆژئاوا و سەرکوت لە نێوخۆ" لە دەوڵەتی حەسەن ڕووحانیدا بە تەواوی ڕوون بووە و لە ئێستادا بەڕێوە دەچێ. هۆکارەکەی ترس لە ڕاپەرینی خەڵك بە هۆی ناڕەزایەتییەکانیانە، چوونکە ستەم و ناڕەزایەتی بەتایبەت لەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی غەیرە فارس تێیدا زیاترە، بەهێزتر و بەربەرینترە، ژمارەی ئیعدام، زیندانی و کوشتاری خەڵکانی ئەو ناوچانە

درێژەی لە لاپەڕە ٥

درێژەی لاپەڕە ٤

لەماوەی ٥ ـ ٦ مانگی هاتنە سەردەسەڵاتی رووحانی بە هەڵسەنگاندنێك لەگەڵ ماوەی هاوشێوەی سەردەمی ئەحمەدی نژاد، ئەو راستییە ئاشکراتر دەکا. ئاکامی ئەو شێوە رەفتارە لە کۆتاییدا نەك هەر یارمەتیدەری رێژیم بۆ مانەوە و سەقامگیری نابێ، بەڵکوو دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ لەناوبردنی رێژیم.

گرفت و کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەمنییەتییەکان و... هەروا بەردەوامن، لەو ماوەیەدا نەك هەر کرانەوەیەك نەهاتووەتە پێش، بەڵکوو لە هەموو بوارەکاندا دۆخەکە خراپتر بووەتەوە:

**تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان**. لەسەر ئەم پرسە ژمارەی جۆراوجۆر باس دەکرێ، بەڵام بە تێکرا ژمارەکە روو لە زیاد بوون بووە.

**ئابووری** . ناوەندی ئاماری ئێران رۆژی ٧ی رێبەندان رایگەیاند نرخی هەڵاوسان مانگی پێشوو نزیك بە ٥./.٪ دابەزیوە، بەڵام نێونجیی قیمەتی خۆراك لە مانگی سەرماوەزدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مانگی پێشوو زیاتر لە ٢٦٪ لە تاران چووەتە سەرێ و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو مانگە لە ساڵی رابردوودا ٥١٪ زیادی کردووە.

ئەگەر لە ١ ـ ٢ مانگی دوای پێکهێنانی حکوومەتی رووحانی هیوایەك بیچمی گرتبوو کە بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکا و کرانەوەیەك لە ئازادیی دەربڕین، ئازادیی زیندانیانی سیاسی، لاوازکردنی کەشی ئەمنییەتی و برەوپێدانی کاروکاسبی پێکدێ، تاکوو ئێستا بە پێچەوانەکەی روویداوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی تەنانەت زۆربەی ئەوانەی پڕوپاگەندەیان بۆ رووحانی و بەرنامە و بەڵێنەکانی دەکرد، پەشیمان و بێ هیوا بوون. بەڵام سازان لەگەڵ رۆژئاوا بە هیوای هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری جارێ خەڵکی لە چاوەڕوانیدا هێشتووەتەوە.

دووبەرەکی لە نێوان ئوسولگەراکان و دەوڵەت کە بە لایەنی میانەڕەو حیسابی لەسەر دەکرێ لە ئێستادا بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سازانی رێژیم لەسەر راگرتنی پیتاندنی یورانیۆم، توندتر بووە و هەر لایەنێك بۆ راستیی قسەی خۆی پەنا بۆ قسەی خامنەیی دەبا، ئەویش دوای ئەوەی جارێك بە ئاشکرا پشتگیری تیمی وتووێژکەری کرد بێدەنگ بوو، لەم پێوەندییەدا زۆر بە پارێزەوە رەفتاری کردووە بۆ ئەوەی ئاکامی وتووێژەکان ئەگەر شکستیان هێنا بە خراپ بەسەریدا نەشکێتەوە.

ریفۆرمخوازان ئەگەر لە دەورانی هەڵبژاردندا دەنگیان لێوە دەهات و بازاڕیان گەرم بوو، ئێستا بێجگە لە هاشمی رەفسەنجانی، قسەو باسێکی ئەوتۆیان لێ نابیسرێ.

بەگشتی دۆخی سیاسیی ئێران بێجگە لە ناوچەی نەتەوەکانی غەیری فارس، تەنانەت بە تورکەکانیشەوە فەزایەکی بێدەنگە، بەڵام گومانی تێدا نیە بەرهەڵستی دژی رێژیم بە شێوەی تاك لەلایەن ئازادیخوازانەوە هەر بەردەوامە کە بەداخەوە زۆر شوێندانەر نییە، بەڵام ئەو بێدەنگی و ئارامییە رواڵەتییە کە جێگای دڵخۆشی رێژیمە دەتوانێ ئارامیی پێش زریان بێ کە لەکاتی خۆیدا دەتەقێتەوە.

رووحانی بەڵێنی دابوو کە نوێنەرانی نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکان لە کابینەکەیدا بەشدار دەبن. بەندی ١٥ی یاسای بنەڕەتی رێژیم سەبارەت بە خوێندنی بە زمانی دایك لە قوتابخانەکاندا جێبەجێ دەکات و چاوەدێریی ئەمنیەتی زاڵ بەسەر ئەو ناوچانەدا لادەبا. بەڵام تا ئێستا کە نزیك بە ٦ مانگ لە هاتنە سەر کاری رووحانی تێدەپەڕێ هیچ هەنگاوێك لەو پێوەندییەدا هەڵنەگیراوە، لەجیاتی نوێنەری " بەقەولی ئەوان کەمە قەومییەکان"، کەسێکی وەك "عەلی یونسی" وەزیری ئیتلاعاتی پێشوو وەکوو راوێژکاری تایبەتیی سەرۆك کۆمار لەو بەشەدا دیاری کراوە.

جاروبار باسی جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانەی کە رووحانی داویەتی لە راگەیەنەکاندا دێنە گۆڕێ، بەڵام تا ئیستا هیچ بەرنامەیەکی جیددی بۆ ئەو مەبەستە لە ئارادا نیە و فەزاکەش لە کوردستان ئەمنییەتیتر کراوەتەوە، بە دیاریکردنی یونسی بۆ ئەم بەرپرسایەتییە، نەك فەزای ئەمنییەتی لەسەر ئەو ناوچانە لانەچووە، بەڵکوو توندتر بووەتەوە و بەڵێنەکانی رووحانی و دەورووبەرەکەی بۆ دیاری کردنی ئوستانداری خۆجێیی جێبەجێ نەبووە، بەڵام زیاتر لە رابردوو خەڵکی کورد سووکایەتیی پێکرا. کاتێك کە رەحمان فەزلی وەزیری ناوخۆ لە رێوڕەسمی ماڵئاوایی و ناساندنی پارێزگاری تازە و کۆنی کوردستان دەڵێ "هەرچی گەڕام هەڵبژاردەیەکی خۆجێیی شیاو بۆ ئۆستاندارییم پەیدا نەکردوە، زۆرم پێخۆش بوو کەسێکی خۆجێی بۆ پارێزگار دیاری بکەم، بەڵام کەسێك بە تایبەتمەندیی باس کراوم بۆ نەدۆزراوە".

لەوەش خراپتر قسەکانی عەلی یونسی لە وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەی "آرمان" دایە. ناوبراو دەڵێ "هۆی مەحروومیەتی ناوچە قەومییەکان کردەوەی دەوڵەتەکان نیە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەی خوێندن لە شوێنەکانی ئەهلی سوننەت و قەومنشین کەمتر بووە، بۆیە پێوەرەکانی شایستە سالاری لە نێو ئەواندا کەمتر سەرکەوتوو دەبن بۆ ئەوەی بەرپرسایەتیانە بەدەست بێنن".

لە رووداوێکی دیکەی سەبارەت بە زمانی دایکی و بەتایبەت زمانی کوردیدا فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی دژایەتیی خۆی بۆ خوێندن بە زمانەکانی دیکە لە تەنیشت زمانی فارسی راگەیاند، ئەو ناوەندە لەسەر خوێندن و بەرنامەی زمانەوانی لە ئێراندا سەرچاوەی بڕیارە.

ـ لە حاڵێکدا بوودجەی سپاە، وەزارەتی ئیتلاعات، ئەرتەش و هێزە ئەمنییەکان بۆ ساڵی **١٣٩٣** زیاتر لە ٣٣٪ زیادی کردوە، ئەندام پارلمانەکانی کورد، عەرەب و لوڕستان لە بەر ئەوەی بووجەی ئاوەدان کردنەوە و خزمەتگوزاری شوێنی هەڵبژاردنیان کەم بووەتەوە هەڕەشەی دەست لە کار کێشانەوەیان کردبوو.

دەوڵەتی رووحانی وەك دەوڵەتەکانی پێشوو ئامادە نەبوو کە بەرپرسایەتیی باڵا بە بەکرێگیراوترین مۆرە کوردەکان و باقی نەتەوەکان کە لە ویلایەتدا تواونەتەوە و لە جینایەتەکانی رێژیم لە دژی نەتەوەکان بەشدارن، بسپێرێ، ئەو کردەوەی رووحانی ئەو راستییە جارێکی دیکە دەسەلمێنێتەوە کە ناخودییەکان هەرچەند ملکەچ بن و دژی خەڵکی خۆیان بۆ خۆش خزمەتیی بەو رێژیمە جینایەت بکەن، دیسان هەر جێی باوەڕی رێبەرانی رێژیم نین.

سەبارەت بە پەرەگرتنی تووشبوون بە مادەی سڕکەر و فرۆشتنی ئەو مادەیە لە کوردستان زۆرمان بیستوە و بەداخەوە هەمووشیان راستن، بەڵام ئەوەی لەو پێوەندییەدا لە چەند مانگی رابوردو و لە کوردستان ئاشکرا بوو، بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەری شیشەیە کە بە کەرەسەی سەرەتایی لە هیندێك لە بنکەکانی هاوبەشی جاش و پاسداران لە ناوچەی سەردەشت و چەند شوێنێکی دیکە بەرهەم دێت و لە شارەکانی دەوروبەر بە هۆی بەکرێگیراوانی رێژیم بە قیمەتی زۆر هەرزان دەفرۆشرێ. هەرزان بوونی نرخی ئەو ماددەیە لەگەڵ کوشەندە بوونی زیاتر لەچاو ماددەکانی دیکە، مەترسیی دووچاربوونی گەنجەکانی کورد و لە ناوچوونیان زۆر زیاتر دەکا.

بەگشتی، نەخۆشی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك بێکاری، تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان، تەڵاق و بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان لە کوردستاندا وەك باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران لە حاڵی پەرەسەندندا بوون.

لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا و تا ئیستاش کەسانێك لە ژێر ناوی جیاوازی وەك، پەیڕەوانی ئایینی سوننی، نوێنەرانی دەورەکانی پێشووی مەجلیس، ئیسلاح تەڵەبانی کورد و... لە ژێر دەمامکی بەرگری لە مافی کورد و سوننی مەزهەبەکان وەدوای بەڵێنەکانی تەبلیغاتی رووحانی کەوتوون، ماوەیەك بە هیوای وەزارەتێك لەو بەشەدا و دواتر وەك موشاویرێکی بەرز، ئەوەش نەبوو و پاشان وەك پارێزگارێك و بێگومان ئیستاش بۆ فەرماندار و... هەڵدەسووڕین، بەڵام تا ئیستا بۆ هەمووی ئەو داخوازییانە وڵامی "نا"ی خۆیان وەرگرتۆتەوە.

لە باری لە ژێرپێنانی مافی مرۆڤ لەکوردستان وەك نموونە ئاماژە بە هێندێك ئامار دەکەین بۆ دەرخستنی رێژەیەك لە راستییەکان.

**لەسەرەتای مانگی خەرمانان تا سەرەتای رێبەندانی ١٣٩٢ هەتاوی:**

**ئا** ـ بە هۆی دەستڕێژی هێزەکانی ئینتزامی ٢١ کەس لە خەڵکی مەدەنی کوژراون و ٢٣ کەسیش بریندار بوون، ٢١ کۆڵبەر کوژراون و ٢٨ کەسیش بریندار بوون، ٨٧ کەس لە هەڵسووڕاوانی سیاسی، فەرهەنگی، ئایینی و کرێکاری، سەرجەم حوکمی ١٣٥ ساڵ و ٣ مانگ زیندانی تەعزیری و ٣ کەس ئەبەدیان بەسەردا سەپاوە.

**ب** ـ لەو ماوەیەدا بە هۆی تەقینەوەی مین ٥ کەسی مەدەنی کوژراون و ١٦ کەسیش بریندار بوون. ٢٦٥ کەس لە هەڵسووڕاوانی سیاسی، فەرهەنگی، ئایینی و کرێکاری بازداشت کراون: ٣ زیندانیی سیاسیی کورد ئیعدام کراون و ٣ کەسی دیکەش حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە. ١١ زیندانیی عەقیدەتی حوکمی ئیعدامیان پێدراوە.

**پ** ـ لە ساڵی ١٣٩٢دا ٩ خوێندکاری کورد لە خوێندن بێبەری کراون و ژمارەی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیش کە لە ژێر زەخت و زۆری رێژیمدا ناچار بە بەجێهێشتنی وڵات بوون، ١٢ کەسە.

دوای پێکهێنانی دەوڵەتی رووحانی رێفورمخوازان خەریکن خۆیان رێکبخەنەوە و لە کوردستانیش رێفۆرمخوازانی کورد بەرنامەیەکی وایان لەبەر دەستدایە و بۆ ئەو مەبەستە هێندێك مۆرەی ناسراو باس دەکەن و زۆرتر هەوڵ بۆ دانانی کەسانی دەستنیشانکراویان لە پۆستی ئۆستانداری و فەرمانداریدا، دەدەن.

گرووپێکی دیکە لەو کەسانەی نێوخۆی وڵات کەسانێکن لە دەوری رێکخستنێك بەناوی "بەرەی یەکگرتووی کورد" کاردەکەن، ئەوانیش بە تەمای رێکخستنێکی نوێ و پلاتفۆرمێکن بۆ دەستنیشان کردنی کۆمەڵێك رێ و شوێنی کار کردن.

**سەبارەت بە راگەیاندنی کانتۆنەکانی کوردستانی رۆژئاوا**

پلینۆم سەبارەت بە راگەیاندنی کانتۆنەکانی کوردستانی رۆژئاوا لەو باوەڕەدا بوو کە سپاردنی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بە خەڵکی خۆجێی ئەو بەشانە لە رێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و یەکسان و دێموکراتیك و کورت کردنەوەی دەستی حکوومەتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان لە کوردستان ویستێکی رەوا و دێموکراتیکی خەڵکە و پشتیوانی لێدەکا.

لە هەمان حاڵدا پلینۆم نیگەرانیی خۆی ناشارێتەوە لە هەر چەشنە خۆ سەپاسندن و تاکرەوی لەو پێوەندییەدا، لە لایەن هەر لایەن و گرووپ و حیزبێکەوە بێ، چوونکە ئەم شێوە هەڵسووکەوتە مەترسیی ناڕەزایەتی خەڵك و لەدەستچوونی دەرفەتەکانی لێدەکەوێتەوە، هەروەها لە راگەیاندن و دیاریکردنی ئەو کانتۆنانەدا هیچ هێما و ناسنامەیەکی کوردستانی و نەتەوەیی وەدی ناکرێ و جێگای رەخنەگرتنە، بۆیە پلینۆم هیواداریی دەربڕی کە خوشك و براکانمان لەو بەشەی کوردستان بە رووحێکی دێموکراتی و بە دوور لە هەر چەشنە دەسەڵاتخوازییەك، پێکەوە بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کیانێکی نەتەوەیی و سیاسی لەو بەشەدا هەوڵ بدەن.

برگەی کۆتایی باسکردن لەسەر دوو گەڵاڵەی حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانی پێشوو سەبارەت بە یەکگرتنەوە بوو. لەو پێوەندییەدا پلینۆم لەو بڕوایەدا بوو کە حیزبی دێموکرات ئامادەیە وتووێژەکانی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو بە مەبەستی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو لەسەر ئەو بنەمایانە درێژە بدا:

١ـ یەك گرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی پێشوو لەسەر بنەمای پەسندکراوەکانی کۆنگرەی سێزدە، دوایین کۆنگرە پێش لە جیابوونەوە کە لەلایەن هەمووانەوە پەسند کراوە. ئەو پەسند کراوانە ناو، ئارم و هەموو ئەو پێناسانەی حیزب لەخۆ دەگرێ کە لەو کاتەدا دەنگی بۆ دراوە.

٢ـ باقی وردەکارییەکانی پێویست کە یەکریزی حیزب بەهێز دەکەن، هەروەها چۆنیەتی ئامادە کردنی کۆنگرەی هاوبەش پێویستە پێش کۆنگرە تەوافوقی لەسەر بکرێ و کۆنگرەی داهاتوو بە رەواڵی عادی بە مەبەستی دیاریکردنی سیاسەتی گشتی کە لە راپۆرتێکی سیاسیدا پێشکەش بە کۆنگرە دەکرێ و دەنگی بۆ وەردەگیرێ، پەسند کردنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ و هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەرایەتی پێك دێ و هەموو لایەك پابەند دەبن بە بڕیارات و پەسندکراوەکانی کۆنگرە.

**رێژیمی ئێران بە ویستی خۆی نەچووەتە ژێر باری ئەو بەڵێنانەوە، بەڵکوو لە رووی ناچارییەوە و بۆ مانەوەی خۆی و پاراستنی رێژیمەکەی ئەو رێگایەی هەڵبژاردووە**

## رۆژهەڤ

و: رەزا فەتحوڵلانژاد

### ناکامیی وتووێژەکان و درێژکردنەوەی قامکی تاوان بۆ لای رووسیە

هاوکات لەگەڵ ئەوەی وتووێژی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی سووریە و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە لە ژێر چاودێریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزانی جیهان لە ژنێڤ بەڕێوە دەچوو، شەڕ و کوشتاری خەڵك لە سووریە هەر درێژەی هەبوو. دەوری دووهەمی وتووێژەکانیش بە ناسەرکەوتوویی و ناکامی کۆتاییان هات، بەڵام ئەمجارە قامکی تاوان بۆ لای دەوڵەتی رووسیە راکێشرا. واشینگتۆن پۆست راپۆرتێکی لە زار هەواڵدەریی رۆیتێرزەوە لە ژێر ناوی "وتووێژەکانی سووریە لە خاڵێکی نادڵنیاییدا و لە ناکامیی ئەمریکا لەگەڵ رووسیەدا کۆتایی پێ دێت"ی بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا ئاماژە بە کۆتاییهاتنی وتووێژەکانی ئاشتی لە نێوان حکوومەتی سووریە و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو حکوومەتە دەکات. راپۆرتەکە بەم دێڕانە دەست پێدەکات: "ئەو وتووێژانەی کە بە پشتیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سووریە لەئارادابوون، رۆژی یەکشەممە لەکاتێکدا گەیشتە بنبەست و کۆتایی هات کە نیشانەی ئەوەی بە کەمی تێدا دەبینرا کە بەشداران وتووێژەکانیان دەست پێبکەنەوە و هاوکات بەڕێوەبەرایەتیی ئەمریکا، رووسیەی بە هۆکاری سەرنەکەوتنی وتووێژەکان زانی و بە درێژکردنەوەی شەڕەکە تۆمەتباری کرد".

بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما وتی: "ئەوان ناتوانن هەردوو رێگەکە لەبەر بگرن" کە مەبەستی رووسیە بوو کە پشتیوانی سەرەکی و نێونەتەوەیی بەشار ئەسەدە و هاوکات پشتیوانی لە بیرۆکەکەی ئەمریکا بۆ بانگهێشتکردنی هەر دوولایەنەکە بۆ وتوویژ کرد. بەرپرسەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بێت، وتوویەتی: رووسیە ناتوانێ بڵێ لێڕوانینی ئاشتیخوازانەی هەیە و "ئۆلەمپیکێکی شادی" دەوێ لە کاتێکدا کە "بەشێك و پارسێلی پشتیوانیکردنی لەم رێژیمەیە کە بە دڕندانەترین شێوە خەڵك دەکوژێ".

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: "بەوەی کە رێکەوتێك بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان دیاری نەکراوە، وێدەچێ توندوتیژییەکان زیاتریش بن. دیپلۆماتە رۆژئاواییەکان ئاگادارییان داوە کە هیچ پلانێکی "دووهەم"یان بۆ ئەوەی دوای ناکامی وتووێژەکان چی بکەن، نییە."

لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بە قسەکانی جان مەك کین، سێناتۆری کۆماریخواز کراوە و نووسراوە: "سێناتۆر جان مەك کین، رەخنەگری بەردەوامی سیاسەتی کۆشکی سپی لەمەڕ سووریە وتی ئەوە جێی سەرسووڕمان نییە کە دەوری دووهەمی وتووێژەکان لە سویس بوو بە هیچ، لە کاتێکدا باس و وتوویژ لەگۆڕدا بوو، کوشتوبڕ لە سووریە بەکردەوە زیادی کرد.

مەك کین وتی: سیاسەتی گشتی بۆ سەرکەوتن لە ژنێڤ ئێستا لەسەر بنەمای ئەوەیە کە رووسیە گوشار بخاتە سەر حکوومەتی سووریە بۆ ئەوەی رێگەیەکی سازندە و جیدی بگرێتە بەر. لە حاڵێکدا لەم دواییانەدا پێشی بە پەسندبوونی بڕیارنامەیەکی زۆر پێویستی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەیاندنی یارمەتی بە خەڵکی بێ هیوای سووریە گرتووە، لە کاتێکدا درێژە بە پڕچەککردنی ئەسەد دەدات. حکوومەتی رووسیە بە روونی دیارە کە هەڤپشکی ئاشتی لە سووریە نیە و ناکرێ بۆ یارمەتیدان بە گەیشتن بە ئاکامێکی سەرکەوتووانە پشتی پێ ببەسترێ".

سەرچاوە:
washingtonpost.com

# یادێك لە فروغی فەڕۆخزاد

و: سمایل رەحیمی



## فروغ فەڕۆخزاد

فروغ فەڕۆخزاد شاعیری هاوچەرخی ئێرانی، رۆژی ٨ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٣ ی هەتاوی لە تاران لەدایك بووە. ناوبراو پێنج دیوانە شێعری بڵاو کردۆتەوە کە نموونەیەکی بەرچاوی شێعری هاوچەرخی فارسین.

فروغ بە کۆمەڵە شێعرەکانی "دیل" ، "دیوار" و "سەرپێچی" لە چوارچێوەی شێعری نیماییدا دەستی بە نوسین کرد.

دواتر ئاشنا بوون و هاوکاری لە گەڵ ئیبراهیم گوڵستان، نووسەر و فیلمسازی بە ناوبانگی ئێرانی، بووە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بواری فیکری و ئەدەبی لە فروغدا. ناوبراو لە گەڕانەوەی دووبارەیدا بۆ شێعر نووسین، بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەی "لە دایك بوونێکی دیکە لە گەڵ ستایشێکی بەربڵاو رووبەڕوو بووەوە. کۆمەڵە شیعری "ئیمان بهێنین بە سەرەتای وەرزێکی سارد"ی پاش ئەوە بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی شوێن پەنجەی خۆی لە شێعری هاوچەرخی ئێرانیدا وەکوو شاعیرێکی شوێندانەر جێگیر بکات.

پاش نیما یوشیج، فروغ هاوتەریب لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو و میهدی ئەخەوان سالس و سۆهراب سپێهری لە پێشەنگانی شێعری هاوچەرخی فارسین. نموونەی زەق و چڵەپۆپەی شێعری نوێی فارسی لە بەرهەمەکانی فروغ و شاملوودا دەرکەوت.

فروغی فەڕۆخزاد نیوەڕۆی ٨ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٣ لە شەقامی موعێزوسەڵتەنەی٢، کۆڵانی خادەمیی ئازاد لە گەرەکی ئەمیریەی تاران لە باوکێکی "تەفرش"ی و دایکێکی "کاشان"ی، لە دایك بوو.

پورانی فەڕۆخزاد خوشکی گەورەتری فروغ، ماوەیەك لەوەو پێش رایگەیاند کە فروغ رۆژی ٨ی بەفرانبار لە دایك بووە و داوای لە لێکۆلەران کرد تا لەو بارەوە هەڵەکان راست بکەنەوە.

فروغ منداڵی چوارەمی تورانی وەزیری تەبار و محەممەدی فەڕۆخزادە.ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەیان بریتین لە فەرەیدوون فەڕۆخزاد و پوران فەڕۆخزاد.

## هاوسەرگیری لە گەڵ پەرویز شاپوور

فروغ ساڵی ١٣٣٠، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا لە گەڵ کوڕەپوورێکی دایکی بە نێوی پەرویزی شاپوور کە یەکێك بوو لە کاریکێکلێماتۆر و تەنز نووسانی ئێران ژیانی هاوبەشی پێکهێنا. ئەم ژیانە هاوبەشە زۆری نەخایاند و لە ساڵی ١٣٤٤دا بە لێك جیا بوونەوە کۆتاییهات. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەیان کوڕێك بوو بە ناوی کامیار.

فروغ پێش هاوسەرگیری لە گەڵ پەرویز شاپوور، نامەی خۆشەویستیی لەگەڵ دەگۆڕیەوە، کۆی ئەم نامەگەلە و هەروەها ئەو نامەگەلەی پاش جیابوونەوەیان بۆ پەرویزی شاپووری نووسیون، دواتر لە لایەن کامیار شاپوور و عومران سەلاحییەوە لە کتێبێکدا بە ناوی"یەکەم خۆرپە عاشقانەکانی دڵم" بڵاو کرایەوە.

## سەفەر بۆ ئۆرووپا

پاش جیا بوونەوە لە شاپوور، فروغ فەڕۆخزاد بۆ دەرباز بوون لە هات و هوریای رۆژانە، ژیانی داخراو و یەك جۆر پێوەندی تاکەکەسی و ئەنجومەنی، چوو بۆ سەفەر. لەم سەفەرەدا هەوڵیدا لە گەڵ فەرهەنگی رۆژئاوا ئاشنا بێت. هاوکات لەگەڵ دژواریی ژیانی رۆژانە، سەردانی شانۆ و ئۆپێرا و موزەخانەشی دەکرد. هەر لەو کاتەدا زمانەکانی ئیتالیایی و فەرانسی و ئاڵمانی فێر بوو. سەفەرەکانی فروغ بۆ رۆژئاوا و ئاشنایی لە گەڵ فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبی رۆژئاوا، بووە هۆی پەرە سەندنی هزر و بیری و بەستێنی گۆڕانکاریی فیکریی لەودا خۆش کرد.

## ئاشنایی لە گەڵ ئیبراهیم گوڵستان و کارە سینەماییەکانی فروغ

ئاشنایی لە گەڵ ئیبراهیم گوڵستان، نووسەر و فیلمسازی ناسراوی ئێرانی، گۆڕانی بەسەر ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتیەدا هێنا کە تێی کەوتبوو و لە ئاکامدا گۆڕانکاری فیکری و ئەدەبی لە فروغدا دروست کرد.

لە ساڵی ١٣٣٧دا، سینەما سەرنجی فروغ بۆ لای خۆی رادەکێشێ و لەم رێگادا لە گەڵ ئیبراهیم گوڵستان ئاشنا دەبێ و ئەم ئاشنایەتییە رەوتی ژیانی فروغ دەگۆڕێ و چوار ساڵ دواتر لە ساڵی ١٣٤١دا فیلمی " ماڵ رەشە"ی لە ئاسایشتگای گولەکانی "باباغی" تەوریز دروست کرد.

ساڵی ١٣٤٢ لە نمایشنامەی "شەش کەسایەتی لە گەڕان بە دوای نووسەردا" رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. هەر لە زستانی ئەو ساڵەدا، هەواڵ گەیشت کە فیلمی "ماڵ رەشە"بووە بە براوەی یەکەمی فێستیواڵی "ئۆبێر هاوزن" و هەر ئەو ساڵە کۆمەڵە شیعری "لە دایك بوونێکی دیکەی" بە تیراژی سەرەوەی ٣ هەزار بەرگ لە لایەن دەزگای چاپی مرواریدەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. ساڵی ١٣٤٣ سەفەری بۆ ئاڵمان و ئیتالیا و فەرانسە کرد. یەك ساڵ دوای ئەوە بەشداریی لە دووهەمین فێستیواڵی سینەمایی"نووسەر" دەکات کە دەرهێنەرانی سوئێدی دروست کردنی چەند فیلمی پێ پێشنیار دەکەن و بڵاوکەرەوەکانی رۆژئاوایی تامەزرۆی بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانی دەبن. دوای ئەو دەورە ناوبراو کۆمەڵە شیعری لە دایك بوونێکی دیکە بڵاو دەکاتەوە. شێعرەکانی فروغ لەم کتێبەدا ستایشێکی بەربڵاوی لێدەکەوێتەوە. پاش ئەوەش کۆمەڵە شیعری " ئیمان بهێنین بە سەرەتای وەرزێکی سارد"ی بڵاو کردەوە.

## کۆتایی ژیان

دوایین کۆمەڵە شێعری فروغ فەڕۆخزاد کە خۆی چاپ و بڵاوی کردەوە، کۆمەڵە شیعری لە دایك بونێکی دیکەیە.

ئەم کۆمەڵە شێعرە ٣١ پارچە شێعر لە خۆ دەگرێ کە لە نێوان سالەکانی ٣٨ تا ٤٢ دا نووسراون. بە گوتەیەکی دیکە دوایین بەرهەمی ئەو" ئیمان بهێنین بە سەرەتای وەرزێکی سارد"ە کە پاش مردنی بڵاو کرایەوە. لە نێوان ساڵەکانی ٤٢ تا ٤٣دا، فروغ جارێك هەوڵی خۆکوژی دەدات، بەڵام خزمەتکارەکەی لە کاتی ئێوارەدا پێی زانی و گەیاندیە نەخۆشخانەی ئەلبورز.

فروغی فەڕۆخزاد لە رۆژی ٢٤ی رێبەندانی ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی و لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا، لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلی تایبەتیی خۆی بە هۆی پێکدادان لە شەقامی دەروس – قولهەك لە تاران گیانی لە دەستدا. تەرمی ناوبراو رۆژی چوارشەممە ٢٦ی رێبەندان بە ئامادە بوونی نووسەران و هاوکارانی لە گۆرستانی زەهیرۆلدەولە بە خاك سپێردرا.

## ئاواتی فروغ لە زمانی خۆیەوە:

"ئاواتی من ئازادیی ژنانی ئێران و بەرابەریی مافی ئەوانە لە گەڵ پیاوان. من بەو ئازارانەی کە خوشکەکانم لەم وڵاتە بە هۆی نادادپەروەریی پیاوانەوە دەیبینن بە جوانی ئاگادارم و نیوەی هونەرم بۆ وێنا کردنی دەرد و رەنجی ئەوان بە کار دەبەم.

ئاواتی من پێکهێنانی شوێنێکی لەبارە بۆ تێکۆشانی زانستی و هونەری و کۆمەڵایەتی ژنان".

# مار

ن: ڕێبێکا ئیوانهۆ

و: هەرمان

لە سووچی وێستگەی ماشینی فرۆشگای زنجیرەیی وین دیکسی، دوو کوڕی مێرمناڵ، بەدار شتێکیان لە سەر زەوی بەرز دەکردەوە. هەرچی بوو، نەیاندەویست دەستیان لێی کەوێت. لە پشت فەرمانی وانێتەکەم لەوانم دەڕوانی، شووشەم دابوە بان و کولێرم لە سەر دەوری توند هەڵ کردبوو، چاوەڕێی هاوڕێکەم بووم کە بە خواردنەوە و سیگارەوە بگەڕێتەوە. شەرمم دەکرد لەوەی کە لەگەڵی بچمە دووکانەکە و بەو شێوە کە ئەو خەریکە پووڵە وردە ١٠ سێنتی و ٢٥ سێنتیەکان ئەرژێنێتە سەرمێز، وا دەربخەم جووتێکی هەژارین.

کوڕە مێرمنداڵەکان مارێکی نێوەگیانیان لە حەوادا هەڵدەسووڕان، مارەکەیان بەم لاو ئەولادا بادەدا وئەیانخستەوە سەر زەوی. هێشتا زیندوو بوو. بە شێوەیەکی ناسروشتی خۆی هەڵدەگلۆفی، وەك بڵێی بە راستی نەبێت. لە سەر زەوی تلی ئەخوارد و لە دارەکە دەئالآ. کوڕە قژ قاوەییەکە داری بە دەستەوە بوو، مارەکەی دیسان خستەوە سەر زەوی و هەر دووکیان چاویان لە ڕۆشتنەکەی کرد: کوڕەکان نزیك بە یەك وەستا بوون، سووکێ چەمابوونەوە و سەریان پێکەوە نابوو، دیار بوو خەریکن نەخشە ئەکێشن. کوڕە قژ کاڵەکە دارەکەی هەڵگرت، رێك وێستا و وەك شوانێك چاوەدێری مارەکەی بوو. کوڕە قژ قاوەییەکە دەستی کرد بە گەڕان بە نێو ماشینەکاندا، دەستگیرەکانی تاقی دەکردەوە تا بزانێ کامیان کراوەیە. هەوا ئەوەندە گەرم بوو، وەك بڵێی خەڵك لە بەر هەوای فێنکی نێو فرۆشگاکە ئامادە نەبوون بێنە دەرێ، هاوڕێکەی منیش پێدەچوو هەر بەم هۆیەوە زۆری خایاندبێت. کوڕە قژ قاوەییەکە ماشینێکی دۆزییەوە کە دەرکەکەی قفڵ نەبوو، کوڕە قژ کاڵەکە مارەکەی بەدار هەڵگرت. لەسەر کورسیی شۆفیرەکەی دانا و دەرکەی ماشینەکەی داخستەوە بە ڕای من ژیرانە بوو.

خواخوام بوو هاوڕێکەم برێك زۆرتری بخایێنێت تا بتوانم دەرئەنجامەکە ببینم. کوڕەکان لە پشت بنچکێك لە نزیك وانێتەکەی من خۆیان شاردەوە، ئەوەندە نوقمی مار و نەخشەکەیان ببوون کە نەیانزانی من لە نێو وانێتەکە دام.

خەڵکی یەك یەك و دوو دوو لە فرۆشگا دەهاتنە دەرەوە. من و کوڕە مێرمنداڵەکان چاومان بڕیبوە دەرکە و ڕێگەی خەڵکمان تا شوێنی راگرتنی ماشینەکان سەیر دەکرد، چاوەڕێ بووین بزانین قەرارە چ کەسێك ببێتە قوربانیی ئەم شۆخییە شەیتانیە.

پیاوێکی کز و ژنێکی قەڵەو کە هەر دووکیان بەرگی گەرمیان لە بەر کرد بوو، سەبەدی کڕینەکەیان بەرەولای ماشینی تەنیشت ماشینێك کە مارەکەی تێدا بوو پاڵ پێوە دەنا. ژنێکی ڕەش پێستی پیر لە دەرکە هاتە دەر، شێوازی قژی جوان بوو، تا ئەوکاتە شتی وام نەدیبوو، قژرێسە خوڵەمێشییەکانی لە پشت سەری کۆ کردبووەوە. ترسام نەکا ئەم خاتوونە خاوەن ماشینەکە بێت بەڵام بەختەوەرانە سواری وانێتێك بوو کە لە کۆتایی وێستگەکەدا ڕاگیرابوو. پیاوێکی بەخۆ، بە قووتوویەکی مارکی "بووش" و بەستەیەك خواردنەوە لە فرۆشگاکە هاتە دەر و بۆلای ماشینەکە چوو. هەرسێکمان تێگەشتین هەر ئەو کەسەیە کە چاوەڕێمان دەکرد. دەرکەی پشتەوەی کردەوە و قووتووی "بووش" وخواردنەوەکانی لە سەر کورسیی پشتەوە فڕێدا، دەرکەی پێشەوەی کردەوە کە سوار بێت. بە تەواوەتی لە نێو ماشینەکە دانەنیشتبوو، کە لە ناکاو دەر پەڕی، مارەکەی بە دەست بەرز کردەوە و خستیە سەر زەوی و جنێوی دا:

ـ "بە لەعنەت بی!"

دۆخەکە تێك چوو. ئەو پیاوە زیرەکتر لەوە بوو کە چاوەڕێی بووین. تێگەیی کە یەکێ سەری ناوتە سەری، دیار بوو بۆ خۆیشی پێشتر مێرمنداڵێکی هاروهاج بوە، پیاوەکە دەور و بەری وێستگەی پشکنی، کوڕەکانی لە پشت بنچکەکەدا دی و بۆلایان دەوری هەڵگرت، کوڕەکان بە هێواشی هەستان.

کوڕەکانی من ژیرتر لەوە بوون کە ڕابکەن. پیاوە کە دەستی کرد بە هات و هاوار. شووشەکەم دادایەوە،" کێشە یەك هاتوەتە پێش" کوڕەکان عەبەسران. تا ئەوکاتە نەیانزانیبوو، من لە نێو وانێتەکەدام.

ـ "تۆ دایکیانیت؟"

ـ "بەڵێ منالەکانی منن" کوڕەکان ترسا بوون و چاویان تێ بڕیبووم. خۆیشم نەمدەزانی بۆچی ڕزگاریان ئەکەم و بەرگرییان لێدەکەم.

ـ "ئەزانی چییان کردووە؟ مارێکی کوڵەواریان خستوەتە نێو ماشینەکەم. بۆ ئاگاداریان نیت؟"

"دەیجا منالن ئیتر."

"بەخیاڵت چی؟ لە نێو وێستگەی فرۆشگادا دانیشتووی لە تەك ئەم منالە قڕ تێ کەوتوانەت، مار دەخەنە نێو ماشینی خەڵك. وائەزانی ئەمە پێکەنینی هەیە؟ منالەکانت تەواو شێتن."

ـ "سەبارەت بە منالەکانی من ئاوا قسە مەکە."

پیاوەکە ڕووی کردە کوڕەکان کە پێیان سەیر بوو و بە قاچیان کایەیان بە وردە بەردەکانی سەر زەوییەکە دەکرد. "ئەمە چ دایکێکە هەتانە؟ ها؟"

قژ قاوەییەکە وتی: "دایکی ئێمە نیە" قژ کاڵەکە درێژەی دا"ئاغا ئێمە هەر نەشماندەزانی لە نێو ماشینەکەدایە"، گوتم: "منداڵەکان ئەوە دەڵێن چی؟" و بە پیاوەکەم گوت: "سەبارت بە مارەکە داوای لێبوردن ئەکەم، وام زانی خەریکن کایە ئەکەن. کوڕەکان سوارین!"

قژکاڵەکە هاواری کرد: "نا!" و لە پیاوە کە نزیك بووەوە. "ئەو دایکی ئێمە نیە"

پیاوە کە پرسیاری کرد: "یانی؟" ڕووی کردە کوڕە قژ کاڵەکە، " بەراست ئێوە لە کوێ ئەژین؟ نەکا کێشەتان بۆ پێش هاتبێ؟"

قژ قاوەییەکە وتی: "ئێمە ئەم خاتوونە ناناسین. ئەو خەریکی سیخوڕیی ئێمە بووە. "

گوتم: "منالەکان! چیتان لێ بەسەرهاتووە؟" کوڕەکانی من و پیاوەکە، خەریکبوون دژ بە من یەکبگرن. پیاوەکە پرسی: "ئەمانە منالەکانی تۆ نین؟" کوڕەکان لە پیاوەکە نزیك کەوتنەوە و وا دیار بوو پشتی ئەو بگرن.

گوتم: "ئەوان لەخۆڕا قسە ئەکەن. کوڕەکان گاڵتە بەسەئیتر، سەرکەون!"

چاوی قژ قاوەییەکە ئاوی تێ زابوو و ڕوو لە پیاوەکە گوتی: " ئاغا بەڕاستی داوای لێبوردن ئەکەم"

قژ کاڵەکە کە دەستی پیاوەکەی گرت و گووتی: "ئاغا منیش داوای لێبوردن ئەکەم."

پیاوەکە دڵی دانەوە: "کێشەیێك نیە" بۆلای وانێتەکە هات و لە تەنیشت پەنجەرەکە نەوی بوو، "خاتوون باش گوێ بگرە بزانە چی ئەڵێم. من نازانم خەریکی چیت، بەڵام باشترە زووتر گۆڕت لێرە ون کەی، کارت بە کاری ئەم منالانەوە نەبێت!"

پاشان چووە پشت ماشینەکەوە و دیسان گەڕایەوە: "ژمارەی پلاکەکەتم هەڵگرتوە... جی کێی ئێل ٥٣٢... بڕۆ ئیتر"

ـ "خیاڵت خاوە. ئەگەر وائەزانی منالەکانم وێڵ ئەکەم و ئەڕۆم، خراپی بۆ چووی "

هاوڕێکەم لە فرۆشگاکە هاتەدەر. پیاوەکە بەمشت توند ئەیکوتا بە ماشینەکەدا، "تۆ هەر دایك نیت". ئەو لە مستەکانی بەردەوام بوو، من پێم لە سەر گاز دانا و ڕێکەوتم و لە وێستگە هاتمە دەر، هاوڕێکەم لە نێو وێستگەکەدا بەجێهێشت. تەواوی وێستگەگە گەڕا دواجار زانی ڕۆیشتووم، لە ئاوێنەی دواوە لە پیاوەکە وکوڕەکانم ئەڕوانی کە ئەیانتوانی منالەکانی من بن.

قژ قاوەییەکە و قژ کاڵەکە دەستی پیاوەکەیان توند گرتبوو. پیاوەکە شتێکی پێ وتن و گشتیان بۆلای ماشینەکەی ڕێکەوتن. لە بنەماڵەیەکی چووکە دەچوون. لەوانەیە چەشنی بنەماڵەی من لە داهاتوودا، ئەگەر رۆژێك بەجێیان بهێڵم".

# "نامەیەک بۆ پاشا"

قادر ئەلیاسی

ئەمە ناوی فیلمێکی کوردی ـ نۆروێژییە کە دەرهێنەرەکەی، هیشام زەمان، کوڕەکوردێکی خەڵکی شاری کەرکووکە.
هیشام لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا، وەك پەنابەر لە وڵاتی نۆروێژ گیرساوەتەوە. بۆ خۆی مرۆڤێکی شارەزای ئەو تەنگ و چەڵەمانەیە کە خەڵکی بیانی لە وڵاتانی ئوورووپاییدا تووشی دەبن.
ئەم فیلمە ماوەکەی ١ کاتژمێر و ١٥ خولەکە. ناوەرۆکی دراماکە باس لە کێشەی پەناخوازانی نەتەوە جیاوازەکان دەکا کە لە وڵاتە جیاجیاکانەوە بە هیوای وەرگرتنی مافی پەنابەری خۆیان گەیاندۆتە وڵاتی نۆروێژ. ئەم فیلمە، لە ماوەی ٧٥ خولەکدا، بینەر لە گەڵ ئەو کێشانە ئاشنا دەکا کە مرۆڤی پەناخوازی کورد و پەناخوازی دیکەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان تووشی دەبن.
هیشام، جگە لەم فیلمە، پێشتر چەند فیلمی دیکەی لە هەگبەی هونەری خۆیدا تۆمارکردووە کە بریتین لە: "باوکە"(کورتەفیلم ٢٠٠٥)، "وڵاتی زستان ـ وڵاتی سەهۆڵبەندان" (دراما٢٠٠٦) و "بەر لەوەی بەفر بباریَ"(دراما٢٠١٢).
درامای فیلمی "نامەیەك بۆ پاشا"، وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، لە ناوەرۆکدا کێشەی پەناخوازانی هەتڵەی لانە و یانە شێواوی کۆمەڵێك مرۆڤی سەرگۆی زەوییە کە کوردیش یەکێك لەو نەتەوانەیە. عەلی بەگ سەلیمی، پیرە پیاوێکی کوردی گوندی قۆشچی باشی ناوچەی گۆران و سەر بە کوردە یارسانەکان، لەو فیلمەدا هەڵگری بیرۆکەی نامەیەکە بۆ پاشای وڵاتی نۆروێژ، کە لەو نامەیەدا باسی کۆمەڵێك کێشەی کورد و دۆزە ڕەواکەی و داگیرکەرانی کوردستان دەکا. ئەو لە نامەکەدا دەنووسیَ: لە وڵاتی نۆروێژ نەوت بەختەوەری بە خەڵکی ئەو وڵاتە بەخشیووە، بەڵام لە وڵاتەکەی من، "کوردستان"دا، نەوت بووە بە هۆی شەڕ و ماڵوێرانی...".
ڕۆژی ٢٠١٤/١/١٧ بۆ یەکەمجار ئەو فیلمە لە سینەمای ڤیکتۆریای شاری ئۆسلۆ پیشان درا. هونەر بە گشتی و فیلم و موزیك بە تایبەتی کە لە خانەی کولتووردا جێدەگرن، لەو کەرەستانەن کە دەتوانن شان بە شانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی هەر نەتەوەیەك، باشتر ئەو خەڵکە و ژیان و خەبات و ئامانجەکانی بە دنیا بناسێنن.
لە وڵاتی ئێمەدا، ئەوەندە گرینگی بە لایەنەکانی دیکەی خۆناساندن وەك خەباتی سیاسی و چەکداری دەدریَ، کە ئەوانەش بە نۆرەی خۆیان گرینگن، لا لە هونەری نواندن و جۆرەکانیتری ئەو بوارە ناکەنەوە. گرینگی هونەر بە گشتی و فیلم و موزیك بە تایبەتی لەوەدایە کە بە شێوەی دەنگ و رەنگ دەکەوێتە بەرچاو و گوێی بینەر و بیسەر و شوێنی ڕاستەوخۆ دادەنیَ. وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ دەرهێنەری ئازیز، هیشام زەمان، سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی نەمرعەلی بەگ سەلیمی کە هاوینی ٢٠١٣ لە وڵاتی نۆروێژ بە غەریبی سەری نایەوە.

ژێدەر: ماڵپەڕی رۆژنامەی vg.no و تەلەفزیونی nrk.no

# تووڕە نیم

و: نسار



تووڕە نیم، چیرۆکی لاوێکی کوردە بە ناوی نەوید کە لە زانکۆی تاران دەرس دەخوێنێت و لە دوای ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨، "ئەستێرەدار" دەبیَ و لە خوێندن بیَ بەری دەبیَ. دەرکرانی نەوید لە زانکۆ نە تەنیا ئەو بێکار و تووشی گرفتە ئابوورییەکانی دەکا، بەڵکوو نزیکی دەکاتەوە لە جیابوونەوە لەگەڵ دەزگیرانەکەی "ستارە" (بە ڕۆڵگیڕانی باران کەوسەری) و کۆی ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی شێواویی بارودۆخی دەروونی نەوید. ناتوانایی نەوید لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی کەمتەرخەم کە بەشێکی لە هەژاریدایە و بەشێکی دیکەی بەشتێك جیا لە بەدەستهێنانی داهات لە هەر ڕێگەیەکەوە، وێنەیەکی سەمپاتیك و کاریگەردانەر لەم کەسایەتیە بۆ بینەر درووست دەکا.
نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بەرپرسانی فێستیواڵ لەمەڕ نمایشی فیلم بە ڕادەیەك بوو کە نمایشکردنی لە سینەمای "اهالی رسانە" بیَ ڕاگەیاندنی پێشوو ئەنجامدرا و پرێس کۆنفرانسەکەی بەڕێوە نەچوو، ئەگەرچی ئەم هەنگاوانەیش نەیانتوانی ڕەزامەندیی دژبەرانی فیلمەکە ڕاکێشیَ. سایتی ڕەجانیوز پاش "سفارەتی" خوێندنەوەی ئەم فیلمە، بەڕێوەنەچوونی پرێس کۆنفرانسەکەی بە جۆرێك هەڵاتن و ترسی بەرهەمهێنەرانی ئەو فیلمە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسیار و دژکردنەوەکان زانی.
هەر ئەم سایتە لە یەکێکی دیکە لە بابەتە جۆراوجۆرەکانی لەمەڕ ئەم فیلمە "ڕەزا درمیشیانی" بە فیلمسازێك زانی" کە لە دەستی خەڵکی وڵاتەکەی تووڕەیە و بە هۆی پشتیوانی نەکردن لە ڕەوتی ئاژاوە(فتنە) دیهەویَ تۆڵەسەندنەوەی لیَ بکا" هەواڵنێری فارسیش کاندیدبوونی ئەم فیلمەی "سیگناڵێکی ئەرێنی وەزارەتی ئێرشاد بۆ بەرهەمهێنانی فیلمگەلێکی پشتیوانی لە فیتنە" زانی و ئەم فیلمەی بە بێڕێزیکردن بە نیزام و دیندارەکانی کۆمەڵگا"زانی. ئەم ڕاگەیەنە بناژۆخوازە لە یەکێك لەو ڕخنانەی کە لە سەر ئەم فیلمە بڵاوی کردەوە بە توندی ڕخنەی لەو وێنەیە گرت کە کەسایەتی نەوید لە چالاکوانی بزووتنەوەی سەوز دەیخاتە روو.
لە حاڵێکدا کە دەنگۆی لابردنی ئەم فیلمە لە چەند ڕۆژی پێشوودا هاتبووە گۆڕی، لە ڕێورەسمی کۆتایی فێستیواڵی فەجر، بەڕێوەبەری بەرنامەکە ڕایگەیاند کە ئامادەکاری ئەم فیلمە "محەممەد ئەتابایی" لە بەشداریکردن لە بەشی کێبەرکیَ خۆی بواردووە. هەر چەند پرسی خۆبواردنی فیلمێك کە شانسێکی زۆری لە وەرگرتنی خەڵاتی سیمورغ هەیە، خۆی لە خۆیدا ئەوەندە نامۆیە کە هەر بیسەرێك دەخاتە شك و گومانەوە لە ڕووداوەکانی پشتی پەردە. دژکردەوەی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە مەڕ ئەم بابەتەیش لایەنەکانی دیکەی ئەو بە روونی شی دەکاتەوە.
ئەم فیلمە لە فسێتیواڵی بێرلین لە بەشی "پانوراما" نمایش کراوە و بە هۆی گێڕانەوەیەکی ڕوون لە هەڵومەرجی لاوەکانی ئەمڕۆی ئێران و ئەوەی کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵدا لە ئابووری ئێران بە هۆی گەمارۆکانەوە ڕوویداوە پێشوازییەکی زۆری لە لایەن بینەرانەوە لێکراوە.

## روگوو

روکوو بە مانای وردە بەردە. ئەم شێوازە بە جۆرێك نارەزایەتییە لە دژی ژیانی شاهانەی پڕشکۆ و دەرباری سەدەی هەژدەهەم کە پاش مردنی لویی چواردەهەم(١٧١٥) لە فەرانسە هاتە گۆڕیَ. ئەم شێوازە زۆرتر دەپرژێتە وردەکاری و هەستیارییەکان لە ڕێگەی هێڵە چەماوە چووکەکانەوە و بە جۆرێك لە رەتکردنەوەی گەورەیی و وشکیی وێنەکێشانی بارۆك و دەرباری بوونی بارۆك ڕوو لە ژیانی گوندی دەکا.
سەرخۆشی، شادەمانی، کەیف خۆشی لە نیشانەکانی شێوازی روکووە. هەڵبەت وێنەکێشانی ئەم شێوازە دواتر خۆیان بە جۆرێك تووشی خۆشبژێوی بوون کە سەرچاوەگرتوو لە کێشانەوەی ژیانی تاکەکان بوون کە ژینگەکانی دوور لە گوندیان وەك شوێنێك بۆ رابواردن هەڵبژاردبوو.

## هەواڵ

### بەڕێوەچوونی کۆنسێرتێک لەشاری سەقز لەلایەن گرووپی نەکەرۆزەوە

لەشاری سەقز گرووپی هونەرمەندانی نەکەرۆز کۆنسێرتێکی مۆسیقا و گۆرانی کوردییان بەڕێوە برد.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو بەئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لەشاری سەقز کۆنسێرتێکی تایبەت بە بۆنەی نزیك بوونەوە لەنەورۆز لەلایەن گرووپی هونەریی نەکەرۆزەوە ڕێکخرابوو.
ئەو گرووپە بە سەرپەرەستیی عەلی عابدی کۆنسێرتەکەیان بەڕێوەبرد و تێیدا هەر دوو هونەرمەند جەماڵ حەسەن نژاد و مەجید ئەحمەدی چەندین پارچە گۆرانیان پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.
بڕیار بوو ئەو گرووپە مانگێك لەمەوبەر ئەو بەرنامەیە بەڕێوە ببن، بەڵام بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی شاری سەقز ڕێگری لێدەکردن.
لەو کۆنسێرتەدا قوتابییەکانی مامۆستا عەلی عابدیش چەند پارچە مۆسیقایان لە هۆڵی فەرهەنگیی شاری سەقز پێشکەش بە بەشداران کردووە.
مامۆستا عەلی عابدی لەدایکبووی شاری سەقزە و بەیەکێك لەمامۆستا سەرکەوتووەکانی بواری هونەر و ئەدەب دێتە ئەژمار و هەتا ئێستا چەندین کەس لەسەر دەستی ئەو مامۆستا کوردە فێری ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقایی بوون.
ئەو هونەرمەندە کوردە ساڵی ١٣٤٨ لە شاری سەقز لەدایك بووە و لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوییەوە دەستی بە هۆنینەوەی شێعر کردووە و لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاویشەوە بە مامۆستایەتی موجتەبا میرزادە خۆی فێری ژەنینی ئامێری ویۆڵۆن کردووە.
عەلی عابدی ماوەی ساڵەکانی ١٣٦٨ هەتا ١٣٧٠ بەرپرسی ئەنجومەنی مۆسیقای سەردەشت و ئاوازدانەریی گروپی مۆسیقای سروە و نەکەرۆزیشی لە ئەستۆ بووە.
ئەو هونەرمەندە کوردەی خەلکی شاری سەقز ماوەی نزیك بە ٢٠ ساڵە بە کاری هونەرییەوە سەرقاڵە و کاری ئاوازدانانی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی کورد کردووە و دوو بەرهەمیشی بەناوەکانی "بەتەنیا جێم مەهێڵن" و " لە دڵمایە"ی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.

### پڕداهاترین گۆرانیبێژی هالیوودی هەڵبژێردرا

سیَ ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئاڵبۆمێك کە بوو بە هۆی ناوبانگی جیهانی بۆ ئەدێل تێدەپەڕیَ. ئەگەرچی چالاکیی ئەدێل وەك گورانیبێژێك لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کەوتووەتە پەراوێزی ئەرکی دایەکایەتی ئەوەوە و زۆر کەم کاری کردووە، بەڵام هەروا خۆشەویستترین و پڕداهاتترین گۆرانیبێژی هالیوودی بە ئەژمار دیَ. دەگوتریَ ئەو داهاتێکی ڕۆژانەی ٣٢ هەزار پۆندی هەیە.
ئەم گۆرانیبێژە ٢٤ ساڵە ئینگلیسییە بە هۆی بڵاوکردنەوەی ئاڵبۆمەکەی بە ناوی ٢١ لە ساڵی ٢٠١١دا ناوبانگی جیهانی بەدەست هێنا. ئەم ئاڵبۆمە لە تەمەنی ٢١ ساڵی ئەدێل و پاش جیابوونەوەی ئەو لە خۆشەویستەکەی بەرهەم هاتووە و تاکوو ئێستا ٢٦ میلیۆن کۆپی لەو سی دییە لە جیهاندا فرۆشراوە. مانگی ڕابردووی زایینیش ئەم ئاڵبۆمە نازناوی یەکەمین ئاڵبۆمی دیجیتاڵی کە توانیویەتی ٣ میلیۆنی لیَ بفرۆشریتی وەرگرت. ئەدێل خاوەنی چەند کارخانەیەکی گەورەی بازەرگانییە و زۆربەی داهاتەکەی لە ڕێگەی بازەرگانیی جیهانییەوە بەدەست دێنیَ.



بێ دوان...

# سەوەتەی خەمساردیی ڕێژیم و سەوەتەی خەمۆکیی خەڵک، لێوانلێوە

چەکۆ ئەحمەدی

سی‌وپێنج ساڵ لەوەپێش و لە ڕۆژانێکی وەك ئەمڕۆدا بەشێکی زۆر لە تاکەکانی نەتەوە جیاوازەکانی نێو وڵاتی ئێران، سەرکەوتنی شۆڕشێکیان جەژن دەگرت کە موژدەی ژیانێکی ئاسوودە و وڵاتێکی دێموکراتیکی بەهەموو جیهان و دانیشتوانی ئەم وڵاتە دەدا. ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و گەندەڵ تووشی هەڵدێر ببوو و هیواکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە سەرانسەرییە گەشاوە بوو. ئاسوودەیی ژیان، ئاسایش و تەناهی، سەقامگیریی سیستمی دێموکراتیك، سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و گەلێك بەڵێنی دیکە، لە پروپاگاندای پێش لە ریفراندۆمی "بەڵێ" یان "نا" بۆ کۆماری ئیسلامیدا دەبینراو وادە و بەڵێنی ڕازاوەتر لە یوتۆپیا بە خەڵك دەدرا.

شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت. ڕێژیمێکی دیکتاتۆر وەدەرنرا. بۆ ماوەیەکی زۆر کورت کەشێکی ئازاد بۆ ڕۆژنامە و حیزبەکان ڕەخسا. تاقمێکی هەلپەرەست بە وردی لە چۆنیەتیی هەستی دەروونی و ئایینیی خەڵکی ئێران کەڵکئاوەژۆیان وەرگرت. لە جێگەی ئەو سیستمە دێموکراتیکە بەڵێندراوە، ڕێژیمێکی دیکتاتۆرتر، گەندەڵتر و داخراوتر لە ڕێژیمی پێشوو دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و بەداخەوە بەشێکی زۆر لە حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی ناوەندیش یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەری بە دەسەڵات گەیشتنی تاقمێکی دیکەی دیکتاتۆر بوون. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئاستی بیرتیژیی نەتەوەی کورد بوو کە هەر لە سەرەتاوە ئەو وادەو بەڵێنانەی بە پووچ و بێبناما زانی و ڕێفراندۆمی بایکوت کرد.

پاش ٣٥ ساڵ دەسەڵاتداری و تێپەڕبوونی چەند قۆناغی کارەساتبار، دەوڵەتێك بە پڕوپاگاندای"تەدبیر و ئومێد" دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت کە لە کورتترین ماوەدا دەرکەوت ئەوەی پڕوپاگاندایان بۆ دەکردو بیریان لە چارەئەندیشی دەکردەوە، تەنیا بۆ هەرچی باشتر چەوساندنەوە و زەبروزەنگ و هاڵاواردنی زۆرتر بوو. ئەگەر بەسەر پرسی سیاسی و مەدەنیدا تێپەڕین و ئامارەکانی بەندکردن و لە سێدارەدان لە دەولەتی رووحانی هەڵپەسێرین و تەنیا کردەوەی ئەم کابینە لە بواری ئابوورییەوە چاو لێ بکەین، دەبینین هەموو ئەو بەڵێنانەی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمە و لەلایەن خومەینییەوە بە خەڵك دەدرا، گۆڕدرا بە جێگرکردنی کولتورێکی "مەمرە و بژی" لە نێو کۆمەڵگای ئێران و ژیانی تاقەتپڕووکێن و خەمۆکی و هەژاری بووە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی خەڵك و هەردەم چاوەڕوانی بۆ بە دەستهێنانی بژیوی ژیان، واتا پێدانی بژیوی ڕۆژانە لەلایەن دەوڵەتەوە کە سووبسیدی زۆری لە سەر بێت یان بە تەواوی خۆڕایی بێت، بەردەوام لە زەینی خەڵکدا جێگر دەکرا و جۆرێك لە کولتوری چاوەڕوانی بۆ خێرخوازیی دەوڵەت لە نێو کومەڵگادا پەرە پێ دراوە. هەر وەك لە سەردەمی شەڕی بێ ئاکامی ئێران و عێراقدا بڕە خۆراکی کۆپینی بە خەڵك دەدرا، پاش تێپەڕبوونی ٣٥ ساڵ بەسەر بەڵێنە ڕەنگاڵەکانی خومەینیدا دیسان جۆرێك لە بێ‌ڕێزی کردن بە خەڵك دەستی پێ‌کردەوە و ئەمجارە بە ناوی پێدانی" سەوەتەی شمەك" (سبد کالا) خەڵکی برسی و ڕەش و رووتی لێك ئاڵاند و ئەوەندی بۆیان لوا بواریان بۆ سازکردنی بەرنامەی تەنز و توانج لە سەرانسەری جیهان ساز کرد و چەند هێندەی دیکە روانگەی وڵاتانی دەرەکیی بەرامبەر ئێران و دانیشتوانەکەی گۆڕی. ئەوەی لە وێنە و ویدیۆکاندا دەردەکەوێ، زیاتر وڵات و خەڵکێکی شەڕلێدراو و ئاوارە و قات و قڕی لێدراو لە زەینی مرۆڤدا وێنا دەکات، ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەوڵەمەندیی وڵاتی ئێران بۆ هەموو لایەك سەلماوە و حاشاهەڵنەگرە.

سەرنجڕاکێشتر لەم دۆخە نالەبارە، ڕەخنەی بەشێکی زۆری کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیەتی لەم پرۆسەی دابەشکردنی سەوەتەی شمەکەکان و سەرکەوتوو نەبوونیەتی. جێی سەرنج و داخ وکەسەر ئەوەیە کە لەکاتی دابەشکردنی ئەم شمەکانەدا، بەپێی ئاماری نافەرمی شەش کەس بەهۆی قەرەباڵغی و کەوتنە ژێر پێی خەڵکێکی زۆرەوە گیانیان لە دەست دا و کەسانێکی زۆریش بەو هۆیەوە برێندار بوون. ئەم گیان لەدەستدان و بریندار بوونەش تەنیا بۆ بڕێکی زۆر کەمی خۆراك بوو کە لەوانەیە ١٠ ٪ پێداویستیی مانگێکی بنەماڵەیەکیش دابین نەکات. ئەمە لەکاتێکدایە کە رووحانی و گرووپەکەی، پێش لە هەڵبژاردن وادەی گەڕاندنەوەی ئابڕو و شەرافەتی لە دەستچووی خەڵکی ئێران و ئێرانی بە خەڵك دەدا و ئێستا کە کاتی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان هاتووە، دەکرێ بگوترێ "سەد ڕەحمەت لە کفن دز".

هەر لە سەرو بەندی دابەشکردنی ئەم "سەوتە"دا، تەوژمێکی بەفر و سەرما رووی لە بەشێك لە وڵاتی ئێران کرد و زۆرتر لە هەموو شوێنێك باکووری ئێرانی گرتەوە کە ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەیەکی سەرسووڕهێنەری نرخەکان و کەمبوونەوەی سەیروسەمەری خواردەمەنی و شمەکی پێویست. هاوکات بوونی کردەوەی ڕێژیم بۆ دابەشکردنی سەوەتەی شمەك و ڕوودانی ئەم ڕووداوە سروشتییە و بێ‌توانایی ڕێژیم لە فریاکەوتنی خێرا و بڕانی کارەبا و گاز و کەمبوونەوەی پێداویستییەکانی پێویستی ژیان، هەمووی سەلمێنەری خەمساردیی ڕێژیم و کار بەدەستانی لە هەمبەر دۆخی ژیانی خەڵکە و نیشان دەدات کە ئەوەی بۆ ڕێژیم گرینگە، درێژەدان بە دەسەڵات و مانەوەیان لە پلە حکوومەتییەکانە، نەوەك چۆنیەتیی دۆخی ژیانی تاکەکانی دانیشتوی ئێرانی ئێستا.

# لە یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئا لاوان

٣٠ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٦٨ ساڵ بە سەر دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە توێژی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەپەڕێ.

دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ڕێنوێنی بیر و ئەندێشە مۆدێڕنەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەسکەوتێکی مەزن بۆ کۆمەڵگای کوردستان، خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی نەتەوەکەمان و خزمەت بە ئامانجەکانی توێژی ئەکتیڤ و داینەمۆی گۆڕان و پێشکەتن بوو.

لەو ڕووەوە دەتوانین خەبات و تێکۆشانی ئەم ڕێکخراوە بە سەر ٣ قۆناغدا دابەش بکەین.

قۆناغی یەکەم: دامەزران، تا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی

قۆناغی دووهەم: لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە، تاکوو مانگی گەلاوێژی ١٣٧٨ی هەتاوی.

قۆناغی سێهەم :لە گەلاوێژی ١٣٧٨ تاکوو ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی.

بەڵام ئەمجارە ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان، بە تاکتیك و ئیستراتێژیی تایبەت بە سەردەم درێژە بە تێکۆشان دەدات. لە پاییزی ١٣٧٩دا کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان کۆنفڕانسەکانی خۆیان گرت و لە ڕۆژی ٤ی بەفرانباری ١٣٧٩ی هەتاوی یەکەم کۆنگرەی خۆی بەستێت کە هەر لەو کاتە بە دواوە و وەك بڕیارێك، هەر دووساڵ جارێك ئەو ڕێکخراوە کۆنگرەی خۆی دەبەستێتەوە و تا ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی "حەوت" کۆنگرەی بەستووە.

جێگەی ئاماژەیە کە لە سەرجەم قۆناغەکانی کار و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوەدا بە سەدان تێکۆشەری نیشتمان پەروەری پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە و ناویان لە کاروانی شەهیدانی کوردستان درەوشاوەیە و یەکیەتیی لاوانیش شانازی بە درێژە پێدانی ڕێبازەکەیانەوە دەکات.

ئێستاکە سەردەمی بەجێهانی بوون و پەرەسەندنی تێکنۆلۆژییە، لەم قۆناغەدا یەکیەتیی لاوان زیاتر لە هەرکات لە ڕاستای ناساندنی کیشەی نەتەوەیی و سەرجەم کێشەکانی لاوان لە کوردستان، خۆی بە ئەرکدار دەزانێت و بۆ ئەم مەبەستەش توانیویەتی ناوەندە جیهانییەکان و وڵاتانی دەرەوە بکات بە تریبۆنێك بۆ باس کردن لە سەر ویست و داخوازیی لاوانی کورد. لەو ڕاستایەشدا لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکایی کۆمیتەی دامەزراندووە و لەگەڵ زۆربەی NGO و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و هتد لە پێوەندیدایە و لە چەند ڕێکخراوێکی جیهانیش وەک نوێنەری لاوانی کورد ئەندامە و لەو ڕێگایەوە هەوڵی ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد و ڕەواییدان بە خەباتە ڕەواکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕێکخراوە جیهانییەکان دەدات و بە ئەرکی ڕێکخراوەیی خۆی دەزانێت.

یەکیەتیی لاوان لە ڕێکەوتی ٤ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاویدا، کۆنگرەی حەوتەمی خۆی لە ژێر ناوی "دەرخستنی تواناکان" بە درووشمی "خۆسازدان بەرەو دوارۆژێکی روون" بەست و بۆ جارێکی دیکە و بە بەرنامەیەکی سەردەمیانە، درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا و بەردەوامە لە کار و چالاکییەکانی و بڵاوکراوەی فەرمیی ڕێکخراوەکە بە ناوی گۆڤاری لاوان لە دەوری سێهەمیدا و تا بە ئێستا ٥٢ ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە.

کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوان بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە هەمبەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچە و جیهاندا ڕوودەدەن و کاریگەریی دەبێ لەسەر لاوی کورد و یەکیەتیی لاوان، بەرنامە و پلانی بۆ داڕشتووە و درێژە بە تێکۆشانی ڕێکخراوەیی دەدات.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە، لە هەموو قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانیدا یەکیەتیی لاوان هەوڵی داوە بۆ بەرجەستەکردنی داخوازییەکانی لاوی کورد، ڕۆشنگەری و ئاشناکردنیان بە ماناکانیان، لە هەموو ئامرازێکی پێوەندی و ڕاگەیاندن بەپێی ئیمکاناتی سەردەم کەڵك وەربگرێت کە دەرچوونی "هاواری نیشتمان" وەك زمانحاڵی یەکیەتیی لاوان لە سەردەمی کۆماردا بە سەرنووسەریی نەمر "سدیق ئەنجیری ئازەر" لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا وەك ئەستێرەی پرشنگدار دەدرەوشێتەوە.

هەستکردن بە پێویستیی یەکڕیزیی زیاتری لاوانی کورد و بەرپرسیاریەتیی بەرامبەر ئەو خاڵە گرینگە، وێڕای ڕێزگرتن لە بیر و ئەندیشە جیاوازەکان، بە مەبەستی لەدەوری یەک کۆکردنەوەی ڕێکخراوەکانی لاوان لە ئاستی هەرچوارپارچەی کوردستان و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەردەوام لە هەوڵی پلان ڕشتن دایە و بیر لە کار و تێکۆشانی هاوبەش دەکاتەوە و خاڵە هاوبەشەکان دەکاتە بنەمایەک بۆ لێک نزیک بوونەوە و لێک تێگەیشتن بۆ کاری هاوبەش.

یەکیەتیی لاوان شانازی بەوەوە دەکات کە لە هەرکام لە قۆناغەکان و بە پێی هەلومەرج، لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات و لەوانە خەباتی چەکداری و تەشکیلاتی و دیپلۆماسی و ...هتد، تێکۆشانی هەبووە و لە قۆناغی ئێستای چالاکییەکانیدا لە بوارەکانی تەشکیلاتی و ڕاگەیاندن و پێوەندی و دیپلۆماسی و پەروەردە کردنی لاوان، درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات.

یەکێکی دیکە لە ئەرکە گرینگەکانی یەکیەتیی لاوان، هەوڵدان بۆ بەهێز کردنی پێوەندی لەگەل سەرجەم ڕێکخراوە و NGO کان لە ڕاستای خزمەت کردنی زیاتر بە لاوی کوردە، چ ئەوانەی لە ناوخۆی کوردستان و چ لە ئاستی ئێران و هەر چوارپاچەی کوردستان و جیهاندان. هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەییدا یەکیەتیی لاوان لە هەوڵی خزمەتکردنە بە نەتەوەکەمان و لاوی کورد بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژە و پلانی کورت خایەن و درێژ خایەن دادەڕێژێت.

هەروەها یەکیەتیی لاوان لە هەوڵی ڕۆڵگێڕان و نزیک بوونەوە و گرینگی دان بە پێوەندی گرتن لەگەڵ لاوانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە لە ڕاستای بەرەوپێش چوونی خەباتی ئەو گەلانەش لە دژی سیستمە دواکەوتووەکان بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەنگاوی جیدیی بۆ هەڵدەگرێت.

یەکیەتیی لاوان دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ڕێکخراوێکی دەروەست، لەم هەلوومەرجە لە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەستەبەربوونی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد بە زامنی پاراستن و دەستەبەربوونی مافە سینفییەکانی لاوی کورد دەزانێ و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تاکوو مافی نەتەوەیی لاوی کورد دەستەبەر نەکرێ، دابینکردنی مافە سینفییەکانی ئەستەمە.

# بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد و پێویستیی لەدایکبوونی یەکیەتیی خوێندکاران

غالب حبیبی

## به بۆنەی ٢٣ ڕێبەندان، نۆهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران



لە سەردەمی ئێستا و لە باکگراوەندی سیاسی کۆمەڵگادا بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پێناسە و بە مێتۆدی کۆمەڵناسیی سیاسی شرۆڤە دەکرێت. لێڕوانینی ئانتۆنی گیدینز بۆ بزووتنەوە، بەرجەوەنێکی چوارچێوەدار لە ئاست کردەوە گشتییەکان دەستنیشان دەکات. بە بڕوای ئەم کۆمەڵناسە، بزووتنەوە هەوڵ و تیکۆشانی کۆمەڵە کەسێکە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکی تایبەت کە ئەو کردەوە گشتییە لە دەرەوەی بیاڤی دامەزراوە فەرمییەکانی ناو جڤاك بە ئەنجام دەگات. واتا کاروکردەوەی بەکۆمەڵ زیاتر لەوەی کە گەڕان بە شوێن ئامانج و مەبەستی کەسانی دیاریکراو و هاوبەرژەوەندا بێ، ئەوا بێدەرەتانی لە ئاست مەبەست و داواکارییەکانە کە ویستی تاکەکەسی لە هەمبەر دەستەبەر کردنیدا دەستەوەستانە.

بۆ ئەوەی هەموو چەشنە جووڵە و کردەوەیەکی گشتی بە بزووتنەوە لێك نەدرێتەوە، ئەوا سێ تایبەتمەندی سەرەکی و سرووشتیی بزووتنەوە لەلایەن کۆمەڵناسانەوە دیاری کراوە کە بریتین لە ١) ناڕەزایەتی لە هەڵاواردن و تەنانەت بایەخ و نۆرمەکانی ناو کۆمەڵگا ٢) بوونی گوتار لە هەمبەر کەمایەتیی ناو کۆمەڵگا ٣) ڕێکخستن و ڕێبەریی درێژخایەن.

لە نێو ریفۆرمخوازانی ئێرانیشدا، ڕەخساندیی فەزای سیاسی لەلایەن دەوڵەتەوە بە تایبەتمەندییەکی دیکەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی زیادکراوە تاکوو تێچووی بزاڤ کەمتر بێ و لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانیی لێوە بکرێت. لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەشدا، دوکتور مەجید موحەممەدی باس لە بزووتنەوەی ڕەسەنی کۆمەڵایەتی بەگشتی و لە ئێران بەتایبەتی دەکات کە هەڵقوڵاوی داخوازیی ناو کۆمەڵگا و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی سیاسین. بەپێی ئەو ڕوانگە و تایبەتمەندیانە، بزووتنەوی خوێندکاری لەبەر ئەوەی کە دژایەتیی هەرچەشنە ناوەند، بڕیار و یاسایەکی نادێموکراتیك لە ناو کۆمەڵگا دەکات و دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای ئێرانیش بە هەموو پێکهاتە و دامەزراوەکانی لەو بازنەدایە و هەروەها بەو پێوەرانەش کە باسکران، کەسایەتیی خوێندکار، دامەزراوەی زانستگە و بزاڤەکەیشی لە سروشتی خۆیاندا ناتەبان لەگەڵ سیستەمی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ئێراندا و پەرۆشیی ئەوان لە بیاڤی گشتی کۆمەڵگادایە نەك دالانەکانی دەسەڵات.

کۆمەڵناسیی سیاسی کە تەوەری دەوڵەت ـ نەتەوە لە چەقی لێکدانەوە و شیکردنەوەکانیەتی و ماکس ڤێبەریش جەختی لە ڕۆڵی چارەنووس‌سازی دەسەڵاتی سیاسی لە ناو کۆمەڵگا کردوەتەوە، دەمانگەیێنێتە ئەو قەناعەتە کە شۆناسی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە لە نێو ئێران و بزاڤە خوێندکاریەکەی چۆناوچۆن دەبێت، ئایا بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و یەك لەوانە بزووتنەوەی خۆێندکاریی کورد لە سەر شوناسی ئێرانی بوون ڕادەوەستێ یان ئەویش بەپێی ئوسوولی سێ فاقی ئالێن تووریێن لەبارەی بزووتنەوەکاندا، بنەمای شوناس، دژایەتی و ڕەسەنایەتیی خۆی ساغ و دەستنیشان بکات.

بزووتنەوەی خۆێندکاریی کورد وەك هەموو بزاڤە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە گوتار و شوناسدا، شوێنکەوتەی پارادایمی فیکری ـ سیاسیی زاڵی کۆمەڵگایە. هەلومەرجی مێژوویی، سیاسی و فەرهەنگیی کوردستان بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ویست و داخوازیی نەتەوەیی، هێژمۆنیی تەواوی بەسەر باقی گۆتارەکاندا هەبێ و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئەوەی کە گۆتاری نەتەوەیی لە ناوەندا بێت، ئەوانی دیکە لە دەوریدا بسووڕێنەوە. بە بێ ئەم یاسا گشتییە، بزاڤ بوونی دەبێ بەڵام زۆر ئەستەمە بتوانێ گەشە بکات. بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و کوردستاندا، لەژێر پارادایمی فیکری و سیاسیی کۆمەڵگادا گەشە و پەرەدەسێنن.

وەك پێشووتر باسمان لێوە کرد، بوونی فەزای سیاسی کراوە لە کۆمەڵگادا و هەڵسووکەوتی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەرەتان دەرەخسێنێت بۆ سەرهەڵدان و گەشەی بزاڤی کۆمەڵایەتی کە ئەم بەستێنە نەك لەلایەن دەوڵەتەوە بەربەستکراوە، بەڵکوو نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنیش هۆکاری دیکەی پێکنەهاتن و گەشەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتین.

لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ریفۆرمێك کە کرانەوەی فەزای سیاسی و سووڕانی هێزی بەدواوە بێ، وەرناگرێت و ڕێگا بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نادات کە بەرژەوەندی و مەبەستی گشتی و گرووپیی خۆیان دابین بکەن، بۆیە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان یەك لەوانە خوێندکاران بە شێوەیەك لە شێوەکان ژێرزەوییانە ڕۆڵ و کارکردی حیزبە سیاسییەکان دەگێڕن و ئەم جێگۆڕکێیەش لە بزاڤی خوێندکاریی کورددا بە زەقی دەبیندرێ و هەستی پێدەکریت.

بزاڤی خوێندکاریی کورد هەموو مەرجەکانی بزاڤی کۆمەڵایەتیی وەك ئاخێزی کۆمەڵایەتی، توێژی خوێندکار کە لە هەڵاواردن و سەرەڕوویی سیاسی نارازییە و هەروەها گوتار، هەیەتی بەڵام بە هۆی هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی و گەشەنەسەندنی کۆمەڵی مەدەنی، ڕێبەری بە کۆی، لاواز بووە کە دەتوانین ئەم کەموکۆڕیەش لە سرووشتی بزاڤی خوێندکاریدا ببینینەوە کە بزووتنەوەیەکی درێژخایەن بووە و ئەندامانی ئەم بزاڤە زوو بە زوو ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

بزاڤی خوێندکاریی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە دامەزراندنی زانکۆ و وەرگرتنی خوێندکاری کورد دەست پێدەکات بەڵام وەك بزاڤێکی کرچ و کاڵ کە هێشتا دوو کۆڵەکەی گوتار و ڕێبەری لە هەناوی بزاڤەکە نەرخسابوون. لە سەرەتاکانی خوێندنی خوێندکاری کورد لە زانکۆکاندا بەربەرە گوتاری خوێندکاران لە سەر ئەو ناڕەزایەتی و هەڵاواردنانە بنیاد نران کە کۆمەڵگای کوردستان پێیەوە دەیناڵاند.

جیابوونەوەی گوتاری خوێندکاری کورد لەگەڵ بزاڤی سەراسەریی غەیرە کورد بە شەهید بوونی سمایل شەریفزادە دەست پێدەکات. ئەو هەڵگری گوتاری نەتەوەیی بوو کە خوێندکاری کورد و بزاڤەکەی بەدەر لە هێندێ داواکاریی سینفی، داخوازیی سیاسی ـ نەتەوەیی لە سەرووی ویستەکانی خۆی دادەنێت.

هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستاندا باسی ڕێبەری و ڕێکخستنی بزاڤی خوێندکاریی کوردی گەیاند قەناعەتێك کە مادام خواستێکی سیاسی، مەدەنی و سینفی لەلایەن توێژی خوێندکارەوە دێتە گۆڕێ، هەروەها بە سەرنجدان بە فەزای سیاسیی ئێران و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستان و ناسازگاربوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت لەگەڵ ئەو گۆڕانە، ئەوا ڕێکخستن و ڕێبەری کردنی بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد پێویستییەکی مێژوویی بوو.

لە زانستی کۆمەڵناسیدا بۆ درووست بوون و بیچمگرتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان چەندین قۆناغ دەستنیشان و شرۆڤە کراوە کە بە دامەزراوەیی بوون قۆناغی کۆتاییەتی کە لەوێدا بزووتنەوە لە ڕاکێشان و جێگرتنی کەسەکان لە دەوری ئامانج و بەرژەوەندییەکی هاوبەش سەرکەوتوو بووە و ڕێبەریی سیستماتیك جێگای ڕێبەریی کەسی دەگرێتەوە. بۆیە لە دوای شەڕی ئێران و ئێراق بە شێوەیەك لە شێوەکان بزاڤی خوێندکاریی کورد بەرەو ئەو ئیستراتژیە هەنگاوی نا.

هەرچەند خوێندکاری کورد لە ساڵەکانی ناوەڕاستی دەیەی ٢٠ چوونە زانستگە، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠ و سەرەتاکانی دەیەی ٥٠ بوو کە زانکۆ لە شارەکانی ورمێ و کرماشان دامەزران و تا ناوەڕاستی دەیەی ٧٠ خوێندکارانی کورد رووی لە زیادبوون کرد و لێشاوی خوێندکاری کورد رووی لە زانکۆکانی ئێران و کوردستان کرد و خواست و شوناسی هاوبەش، بووە داینەمۆ و دینامیزمی بزاڤی خوێندکاریی کورد.

پاش هاتنەسەرکاری دەوڵەتی محەممەد خاتەمی و جێبەجێ نەکرانی خواستی بزاڤی خوێندکاریی سەرانسەری و دابڕان و لێکترازانی خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەو شوناس و خواستە هاوبەشەی کە پێشتر بزووتەوەی خوێندکاریی سەرانسەری پێی دەناسراوە کە ئینشعابی خوێندکارانی ناوەندیشی بەدوای خۆیدا هێنا، ئیتر پرێسکی ئەو ڕووداوانە لە ڕۆژی بیست و سێی ڕێبەندانی ساڵی ٨٣ بە دەستی ئەو جیلە لە خوێندکاران کە لە ناوەڕاستی دەیەی رابردوو (٧٠) چووبوونە نێو زانستگاوە لێدراو و یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاتە گۆڕپانی خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی خوێندکارانی کوردستان.

ئەگەر ئاوڕێك لە سەردەمی درووست بوونی یەکیەتیی خوێندکاران بدەین، هەلومەرجی دامەزراندنی لە ئێران و کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ بێ هیوایی خەڵك بەگشتی و خوێندکاران بەتایبەتی لە بەڵێنەکانی دەوڵەتی ئیسلاحات و خۆناساندنی سەرۆکی ئەو دەوڵەتە بە "ئابدارچیی نیزام" و هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهانی کە هۆکاری زیادبوونی زەخت و فشار بۆ سەر کۆمەڵگای ئێران بوو.

خاڵێکی دیکە کە بۆ بزاڤی خوێندکاریی کورد و یەکیەتیی خوێندکاران گرینگ و چارەنووس سازبوو، کرانەوەی زانستگای نوێ لە هەموو شار و شاروچکەکانی کوردستان بوو کە باسی "بومی‌سازی" هێنایەبەرباس و کاریگەریی باش و خراپی ئەو دیاردەیەی لەسەر کۆی پێکهاتەی ڕۆشنبیری و خوێندن لە کوردستان و پاشان لەسەر بزووتنەوی خوێندکاری کورد بوو.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تەمەنی نۆ ساڵەی خۆیدا چوار کۆنگرەی بەڕێوەبردووە و لە ئامانجی تایبەتیی خۆیدا، پشتگیری و بەشداریی چالاکانە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد و هەروەها هەوڵدان بۆ داڕشتنی تیۆرییەکی بزاڤی خوێندکاری بە شێوازی عەقڵانییەتی ڕەخنەیی ڕاگەیاندووە.

## جووت حەوت

### هەوراز

ــ دەریــــادار حەیبـەڵڵا سەییاری، فەرماندەی هێزی دەریایی ئەرتەشی مەلاکان لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی دانشجوو گوتوویە:"ئێمە رۆیشتین بۆ کاناڵی سووئێز، نەیاندەهێشت تێپەڕ بین، چوار پێنج رۆژ هەر لـەوێ ماینەوە، منداڵەکان دەیانگوت چ بکەین، گوتم دۆعـای تـەوەسول بخوێنین، هێندەمان دوعـای تـەوەسـول خوێند کە تا ئێمە لەوێ بووین موبارەك رووخا و لە ماوەی ٤٨ سـەعـاتـدا رێگـەیـان پـێ دایـن بۆ تێپەڕبوون، هەموو کەس پێی وابوو ئێمە موبارەکمان رووخاندووە، دۆعای تەوەسول کاری خۆی کردبوو".

ئـەرێ بە خوا کـاری خۆی کـردووە!! چاکیش کـاری کـردووە، بـەڵام وادیارە هێشتا جنسەکە ئـەسڵ نـەبـووە، دەنا لانیکەم ئەوەندەی کار دەکرد کە خودی حەیبەڵلاخان ببێتە ڕەئیس گومهووری میسر! و گورێسەکە نـەدا بە دەستی مورسییەوە کە لە ماوەی ساڵێکدا ڕەنجی هەشتا ساڵەی ئیخوان فوو لێ بکات. بە راستی ئەگەر ئەم جنسەی حەیبەڵڵا ساڵی ٦٧ وەدەست موحسین ڕەزایی یان ڕەفسەنجانی، یان کابرای راحل کەوتبا، لە ترسی سوپای عێراق جامی ژەهریان نـەدەخـواردەوە و بـگـرە سەدامیشیان دەڕووخاند و خامنەییان دەکردە سەرۆکی عێراق و پاش مەرگی خومەینی شا دەگەڕایەوە و دۆلارەکە دەبوو بە ٧ تمەن و ماڵیان قەبر دەبوو لە خۆشیدا!!

ـ خامنەیی دەڵێ" هێندێك لە بەرپرسانی ئـەم دەوڵــەت و ئـەو دەوڵــەت (واتـە رووحانی ) پێیان وایە کە ئەگەر وتووێژ بکەین، پرسی ناوەکی چارەسەر دەبێت، من پێشتریش گوتوومە بەرانبەر بەو وتووێژانە گەشبین نیم و بە هیچ کوێ نـاگـات(واتـە مەگەر بە سـەر کەلاکی مندا بڕۆن تا بگەن بە شوێنێك)".

کەواتە، زەریفەکەتان ئاوی زەل دەدات، بەستەزمان خۆی کوشت ئەوەندە لاسایی دیپلۆماتەکانی کردەوە یان رووحانی کە دەڵێ دنیامان بە چۆکدا هێناوە. ئەگەر باش تێگەیشتبم قسەی جەنابت مانای ئەوەیە کە "تا ئێستا ئەگەر پۆرتیان لە عەلاگە نەکرد، پۆزی کەسیشمان لێ نەداوە و رووحانی لە خۆڕا شاگەشکە بووە"، واتە هیچیان بە هیچتان، یان بە پێچەوانە.

شایانی باسە، من پێشتریش گوتوومە کە ئاخری هەر دەڵێن:" من پێشتریش گوتوومە".

ــ عـەلـی دایــی، ڕاهـێـنـەری تیمی پێرسپۆلیس لە بەرنامەی تەلەفزیۆنیی ٩٠دا گوتی:" هێندێك کەس ئیستعدادیان هەیە دەبنە لیۆنل میسی و هێندێکی دیکەش دەبنە کرێکاری شارەداری".

ئـەوە جـاری یـەکـەم نیە کە جەنابیان شەکرەتاڵە دەشکێنێ، ئەو کە ئەگەر مالدیو و نێپال سەربەخۆییان بە دەست نـەهـێـنـابـا، ئێستا لـە ئـەردەبـیـلـیـش بە کرێکاری شـارەداری وەرنـەدەگـیـرا، لە مـێـژە پێی وایـــە، کـورد گـوتـەنـی "بۆ خۆی جەمسەرێکە" و فـارس گـوتـەنـی "عەلیبادیش شارێکە". ئـەگـەر برێك تێگـەیشتنی هـەبـوایـە، دەبـوو بڵـێ:" هێندێك کەس ئەقڵ و شعووریان هەیە دەبنە قلیچ خانی و ناسر حیجازی و هێندێکی دیکەش، پیاو عەیبە تاریفی خۆی و مشتەبا موحەڕڕەمی و ناسر محەممەدخانی بکات".

# بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دەرفەتی مێژوویی

شەهاب خالیدی




حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەپێی ئیمکان و بە بێ فەرق و جیاوازی پشتیوان و خەمخۆری کوردەکانی سووریا بووە و لەکاتێکدا کە بەهاری عەرەبی رووی لە سووریا کردبوو و کوردەکانی سووریا و بەتایبەتی ئەو حیزب و لایەنە سەرەکی و خاوەن رابردوانەی سووریە تریبۆنێکی وایان بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە خەڵکی نێوخۆی کوردستانی سووریە نەبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، پەیوەندییەکی دۆستانە و برایانەی لەگەڵیان دامەزراند و دەزگاکانی راگەیاندنی خۆی خستە خزمەتیان بۆ ئەوەی کە بتوانن پردێکی قایمتر لە رابردوو لە نێوان خۆیان و خەڵکی چەوساوەی ئەو بەشەی کوردستان دروست بکەن.

ئێستاش کە ئەو حیزب و لایەنانە تریبونی زۆریان لە بەردەستدایە و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بانگ دەکرێن و پرس و راوێژیان پێ دەکرێ و لەلایەکی دیکەشەوە لایەنێك لە بزووتنەوەی کورد توانیویەتی لە نێوخۆی وڵاتدا خۆبەڕێوەبەرییەك رابگەیەنێ، حیزبی دێموکرات پێی خۆشحاڵە و هەر وەك لە راگەیاندراوی حیزبدا هاتووە: "سپاردنی ئیدارە و بەڕێوەبەریی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بە خەڵکی خۆجێیی لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد، یەکسان و دێموکراتێك و کورتکردنەوەی دەستی زۆرداری دیکتاتۆرەکان لەسەر کوردستان ویستێکی ڕەوا و دێموکراتیکی خەڵکە و حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لێ دەکا.

ـ لە هەمان حاڵدا نیگەرانیی خۆی دەردەبڕی لە هەر چەشنە خۆسەپاندن و تاکڕەوی لەو پێوەندییەدا کە لەلایەن هەر گرووپ و حیزبیکەوە بێ، چونکە ئەم شێوە هەڵسوکەوتە بە قازانجی خەڵك تەواو نابێ و دەبێتە هۆی لەدەست چوونی دەرفەتەکان".

بێگومان راگەیاندراوی حیزبی دێموکرات ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر ئەو خۆبەڕێوەبەرییە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بن و خۆسەپاندنی تێدا نەبێ، خەڵك لە دەست دیکتاتۆری رزگاریان دەبێ و بە مافەکانیان شاد دەبن. بەڵام بە پێچەوانەی ئەمە مەترسیی ئەوەی هەیە کە کورد ئەو دەرفەتە زێرینە لەدەست بدات و نەتوانێ لەو هەموو زوڵم و زۆرداریيە رزگاری بێ و نەیارانی کوردیش گومانی تێدا نیە کە بۆسەیان بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە داناوە، کە بۆ گەلی کورد هەڵکەوتووە.

لە لایەکی دیکەشەوە بە داخەوە ئەو کانتۆنانە هیچ ناو و مۆرکێکی نەتەوەییان پێوە دیار نیە کە ئەمەش گومانێکی زۆری دروست کردوە و شرۆڤەی مەترسیداری بۆ دەکرێ کە نەکا ڕێژیمی سووریە ئەکتەری سەرەکیی دامەزراندنی ئەو کانتۆنانە بێ بەو شێوەیەی کە ئێستا ئێمە دەیبینین. بۆیە پێویستە کە دامەزرێنەرانی هەرێمی خۆبەڕێوەبەر لە بەرامبەر ئەم شرۆڤە مەترسیدارانە وەڵامدەر بن و نەك لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی حیزبی بەڵکوو لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی کار بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تەواو نەتەوەیی بە مۆرکی نەتەوەیی و بە بەشداریی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژئاوا بکەن و داخوازیی هەموو پێکهاتەکانی نێو کوردستانی سووریە لەبەرچاو بگرن. بێگومان ئەو کاتە هەم دەسەڵاتێکی بەهێز و پتەویان دەبێ و هەمیش دوژمنانی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان ناتوانن لە درز و کەلێنی نێوان هێزەکان بە قازانجی خەونە گڵاوەکانیان کەڵك وەرگرن.

ئێستا کە ئەو کانتۆنانە دامەزراون، ئێمە هیواداریین تا چوار مانگی دیکە کە هەڵبژاردنێکی گشتی دەست پێدەکات، بەڕێوەبەرانی ئەو کانتۆنانە بتوانن بە بێ فەرق و جیاوازی لە خزمەتی هەموو خەڵکی ئەو هەرێمانەدا بن کە دەسەڵاتیان تێدایە و بتوانن ڕەوشێکی ئازاد و دێموکراتیك لە هەموو بوارەکاندا پێك بێنن. هەروەها ئێمە هیواداریین کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کوردەکان بتوانن دەسەڵاتێکی دێموکراتیك بۆ خۆیان دابمەزرێنن و هیچ لایەنێك لە دەرەوەی ئەم دەسەڵاتە نەمێنێ، ئەوکات هەموو کوردێکی ئازادیخواز و هەموو حیزبێکی نیشتمانپەروەر بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێ دەکات و بە شانازییەوە پەیوەندییان لەگەڵ دادەمەزرێنێ و تەنانەت ئامادە دەبێ کە نرخیشیان بۆ بدات. هەروەك ئەوەی تا ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆرجار بەرژەوەندیی حیزبیی خۆی کردۆتە قوربانیی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە پارچەیەکی دیکەی نیشتمان. کەوابوو سەرکەوتن لە یەکیەتی و یەکدەنگی لە سەر پرسە ستراتیژیکەکانە و پێشکەوتنیش لە دەنگ و بیروڕای جیاوازدایە، با هەموومان بەو ڕوانگەیەوە کار و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان بکەین.

# سەفەری ئەردۆغان بۆ ئێران و چەند وتەیەک

هیوا میرزایی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێنانەسەر کاری حەسەن ڕووحانی و بە پاشەکشێ کردن لەو سیاسەتانەی کە لە ماوەی سەرۆك کۆماریی مەحموود ئەحمەدی نژاد پەیڕەوییان لێ دەکرد، هەوڵی داوە جیهان لەگەڵ ئێران ئاشت بکاتەوە و لە پەرەوەندەی ئەتۆمیی خۆیدا بە پاشەکشێیەکی ڕەزیلانە توانیوتیەتی سەهۆڵی پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا خاو بکاتەوە. ئەم سیاسەتە نوێیەی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە هەر وەك سەردەمی محەممەد خاتەمی ڕۆژئاوای تووشی گەشبینیەکی درۆیین کردووە و پییان وایە دەتوانن گرفت و کێشەکانیان لەگەڵ ئێران یەکلایی بکەنەوە و پەرە بە پێوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان بدەن و سەفەرە پارلمانی و دیپلۆماتیکەکانی خۆیان بۆ ئێران دەسپێکردووە و لە دانیشتنەکانیاندا بە گەشبینیەوە دەڕواننە داهاتووی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران. حکوومەتی ئێران ئێستا تووشی گرفتێکی لە ڕادەبەدەری ئابووری بووە و بۆ دەرباز بوون لەم گرفتە ئابوورییە دەبێ بەردەوام پاشەکشێ بکات.

تورکیە وەك وڵاتێکی شوێندانەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت لە دوای هاتنە سەرکاری حیزبی داد و گەشەپێدان توانیویەتی بە گرتنە بەری سیاسەتێکی ئەمرۆیی و لۆژیکانە هەلە یەك لە دوای یەکەکانی ئابووری و سیاسیی بقۆزێتەوە و هەم لە باری ئابوورییەوە گەشە بە تورکیە بدات و هەمیش لە بواری سیاسییەوە توانیویەتی ببێت بە یەکێك لە وڵاتی یەکلاکەرەوەی ناوچەکە و بەتایبەت پاش گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی، ڕۆڵی ئەم وڵاتە زۆرتر بەرچاو بووە و پاش سەرهەڵدانی نارەزاییەتییەکان لە وڵاتی سووریە و پشتیوانیی ڕوون و ئاشکرای تورکیە لە دژبەرانی حکوومەتی بەشار ئەسەد بوو بە یەکێك لە جەمسەرەکانی کێشەکانی سووریە و چووە پاڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا، بەڵام لە بواری نێوخۆییەوە تورکیە و بەتایبەت حیزبی داد و گەشەپێدان ڕووبەڕووی دژایەتیی نێوخۆیی بووەتەوە و تۆمەتی گەندەڵیی ئابووری دراوەتە پاڵ ئەم حیزبە و هەروەها کێشەی مێژوویی دەوڵەتی ناوەندی تورکیە لەگەڵ کورد لەم وڵاتە یەکێکی دیکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتەیە کە هەر چەند لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەند هەنگاوێکی ئەرێنی بەڵام ناتەواوی بۆ ئەم پرسە هەڵیناوەتەوە و کەشی نێوخۆیی ئەم وڵاتەی بەرەو هێوەربوونەوە بردووە.

لەم نێوەدا پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە وەك دوو وڵاتی گەورەی ناوچە هەمیشە زوومی سیاسییان لەسەر بووە و بە بایەخەوە سەیریان کراوە. کۆماری ئیسلامی ئێران وەك لایەنێکی شێعەمەزهەبی دەمارگرژ کە سیاسەتی پەرەپێدان بە ئیسلامی سیاسی هەمیشە لە دەستووری کاریدا بووە و بە دەستێوەردانە بەربڵاوەکانی لە وڵاتانی ناوچە و پشتیوانیی ئاشکرای لە تیرۆریزم و دەمارگرژی لە ناوچەکە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا و تەنانەت وڵاتانی عەرەبیشەوە تۆمەتبار کراوە و تورکیەیش وەك وڵاتێکی سوونە مەزهەب بەڵام بەڕێوەبەرییەکی سیکۆلار هەمیشە لە بەرابەر یەکتردا بوون و تەنیا پرسێك کە هاودەنگ بوون لەسەری پرسی کورد لە ناوچە و نێوخۆی خۆیاندا بووە و لە ڕابردوودا بە هاوکاریی یەکتر توانیویانە پێش بە چارەسەریی پرسی کورد بگرن . هەر بۆیە سەفەری ئەم دوایانەی ڕەجب تەیب ئەردۆغان بایەخێکی زۆری هەیە و دەکرێ بە کورتی هێمای بۆ بکەین.



ئێران بۆ دەربازبوون لە هەڵومەرجی خراپی ئابووریی خۆی پێویستی بە تورکیە هەیە بۆ لاوازکردنی گەمارۆکان لە سەری و تورکیەیش بۆ کەڵکوەرگرتن لە بازاڕی بەربڵاوی ئێران بەتایبەت لە بواری نەوت و گازدا دەتوانێ پەرە بە ئابووریی خۆی بدات. هەروەها ئەگەری دەستێوەردانی ئێران لە نێوخۆیی تورکیە بەتایبەت دوای پرسی گەندەڵیی ئابووری لە دەوڵەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش یەکێکی دیکە لە پرسەکانی سەفەری ئەردۆغان بۆ ئێران بووە بەڵام ناکۆکییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەتایبەت لە سەر پرسی سووریە خاڵی پێکنەهاتنی ئەم سەفەرەی ئەردۆغان بۆ ئێران بووە کە ئەویش پشتیوانیی ئابووری و سیاسی و سەربازیی ئێران لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد و پشتیوانیی تورکیە لە نارازیان و دژبەرانی دەوڵەتی ئەسەدە کە هەر وا خاڵی جێی گرفتی ئەم دوو وڵاتەیە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی پێشوازییەکی سڕ و سارد لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و بێ ڕێزییەکی دیپلۆماتیکی زۆر گەورە لە سەرۆك وەزیرانی تورکیە کە لەلایەن راگەینە گشتییەکانی تورکیەوە ڕخنەی زۆر لەو جۆرە پێشوازییە گیراوە و وەك بێ ڕێزی بە وڵاتی تورکیەیان شوبهاندووە. هەرچەند چەند ڕێکەوتنامەیەك لەم سەفەرەدا واژۆ کراون، بەڵام خاڵە جێی ناکۆکییەکان هەر لە جێ خۆیان ماونەتەوە و دەوڵەتی بە ناو چارەنەئەندێشی و ئومێد نەیتوانی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە ئاسایی و دۆستانە بکاتەوە.

# ئیسلامخوازەکان دوای مەشرووتە، لە ئێران

ن: پەرویز جەباری
و: حاجی تاوە

**بەشی چوارەم**

لەم قوناغەدا کە خاڵی دەسپێك و جووڵە بۆ هەڵسان و ڕزگاریی کۆمەڵگاگەلێك وەك ئێران بوو، ئایینگەراکان پێگە و ڕۆڵێکیان نییە، خوێندنەوە، وەرگێران، سەفەرکردن، مەمورییەتە دەوڵەتییەکان، نیشتەجێبوون و کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی ڕۆژئاوا دەسپێکێك بوو بۆ هێنانەگۆڕی ئەم پرسیارە سەرەکییە کە هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئێمە لەهەمبەر ڕۆژئاوا چییە؟ ئەم پرسیارە بنەماکانی لە بیرۆکەی ڕۆژئاواوە وەردەگرێ. لە کولتوور و ئەندێشەی خۆجێیدا وەها گرفت و نیگەرانییەك نییە. ئەگەر بە شێوەی ورد بڕوانین، ئەم پرسیارە لە لایەن کەسانێکەوە دێتە گۆڕێ کە لە سەرەوەی کۆمەڵگایەکی سوننەتی و ئایینی دەڕواننە پرسە مرۆییەکان بەڵام بنەماکان و بەستێنەکانی ئەم گۆڕانکارییە و سەرقاڵییە زەینی و عەقڵییەکان لە کۆمەڵگاگەلێك وەك ئێران دابین نەکراون، چونکە نە لە دامەزراوەی ئایین و نە لە دامەزراوەی پاشایەتی ئەم گۆڕانکاریی و مانا و ئەندێشانە لە کردەوەدا نەهاتبوونە دی. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە فیکری و کردەوەییە لەگەڵ ڕۆژئاوا لە لایەن کەسانی نائایینییەوە بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژئاوا لە هەوڵی گۆڕان لە نێو دواکەوتوویی ئایینی و سەرەڕۆیی دەسەڵاتی سیاسیدا بوون. بەڵام ئەم بەستێنە نە ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو و نە توانایی گۆڕین و گۆڕانکاریی لە قووڵایی زۆر بەربڵاویدا. شتێك کە ڕۆژئاوای بەرەو پێش بردبوو و کردبوویە سەرمەشقێك، ڕەوتێکی مێژوویی و قووڵ بوو. ساڵانێکی جۆراوجۆر لە ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ لە نێوان خاوەن ڕاکان، دەسەڵاتدارەکانی کلیسا یان بیرمەندانی بیاڤی کۆمەڵایەتی و چەمکە مرۆییەکان، ئایین، خودا و هەروەها دەسەڵاتداریەتی کلیسا و چارەنووسی مرۆڤ، ئەم ململانێیەی بە جۆرێك تێپەڕاندبوو و گۆڕانکاریی لە سەر ئەم بنەمایەدا بیچمی گرتبوو. لە سەر ئەم بنەمایە ڕۆژئاوایەك کە لە ماوەی ساڵانێکی یەك لەدوای یەکدا بە هۆی گۆڕانکارییەکان و ئینقلابە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و ...هتد، ئایین بیاڤێکی بە تەواوەتی تاکەکەسیانەی بە خۆوە گرتبوو. چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا، یاسا، سیاسەت و بیاڤەکانی دیکە پێشکەش دەکرا، بە تەواوەتی لە ئایین داماڵرابوون. ئەوان وێنەیەك و شکڵێکی بابەتی و سێکۆلاریان گرتبوو. ئایینخوازەکان و بڕواداران بە ئایین و ڕیفۆرمیستە ئایینییەکان کە لە ڕۆژئاوا گۆڕانکارییان لە ئاییندا پێکهێنابوو. خاوەنڕاکانی بیاڤی کۆمەڵایەتی، سیاسەت، ئابووری و زانستەکانی دیکە، بیرۆکەکان، هەڵێنجانەکان و ڕوانگەکانی خۆیان لە مافەکان، ئابووری، مرۆڤ، سیاسەت و خاوەندارییەتیان لە سەر بنەمای گۆڕانکاری ئەنجامدراو لە دامەزراوەی ئاییندا چێ کرد. شتێك کە لە ئێرانی سەردەمی مەشرووتییەت نە تەنیا بیچمی نەگرتبوو، بەڵکوو هەر لەم سەردەمەیشدا ئەم دامەزراوەیە لە تەنیشت و لەگەڵ دامەزراوەی دەسەڵات بە شێوەی بنەڕەتی و بە شێوەی بنەمایەکی نەگۆڕی بەربەرەکانێ لەگەڵ مودێرنیتەدا دەردەکەوێ و لە هەموو بیاڤەکاندا خۆی بە خاوەن ماف، شرۆڤە و بڕیاردان دەزانێ، ڕەواییدان و خاوەن داریەتی مافێك بۆ خۆی دەزانێ کە ڕەگەکەی لە لایەن خوداوە دەزانێ، نە لە نێو خەڵك و دامەزراوەگەلێك بە نوێنەرایەتی خەڵك و یان لە سەر بنەمای لۆژیك و ئیرادەی مرۆڤ پێکهاتوون و یان لە هەوڵی چێ کردنی ئەوانن.

بە هۆی مەشرووتیەت و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خەڵك بۆ گۆڕان و بەرابەری، ئەم قوناغە دژوارترین بەشی خەبات و بەربەرەکانێی خەڵك و هێزە ئاگا و پێشەنگەکان بۆ گۆڕانکارییە و لە بەرامبەر دامەزراوەیەك کە خۆی لە سەرەوەی هەر بیرۆکە و ئەندیشەیەك دەزانێ و لەم ڕێگەیەدا لە سەر بنەمای هەر ئەم شرۆڤەیە، بووەتە بەستەڵەکێکی فیکری و بیرو باوەڕی. دامەزراوەی ئایین وەك شەریکی مێژوویی دامەزراوەی دەسەڵات بە لەدەستدانی سەرچاوە و ئیمکاناتە مادديی و مەعنەوییەکان بە هەموو هێز و پێشینەی مێژووییەوە لە بەرامبەر خواستی خەڵك لێڕوانینی خۆی، لەگەڵ پاراستنی دەسەڵات و خوێندنەوەی سوننەتی و شەریعەتخوازانە لە ئایین، شرۆڤە و لێڕوانیینەکانی دیکە، کە هەڵێنجانێکی سیاسی لە ئایین و شێوازی ئیسلامی سیاسییە، سەر هەڵدێنێ.

ئەوان لە ساڵەکانی دوای مەشرووتە، دەستیان دایە نۆژەنکردنەوەی فیکری، بیروباوەڕی، فێقهی و گوتمانی ئایینی خۆیان لە بەرامبەر سیکۆلاریزم، دەسەڵاتی خەڵك، ئیرادەی کۆمەڵایەتی و ئەندێشەی مودێرنیتە. ئایین لە سەر بنەمای نێوەڕۆك و شرۆڤەی فەقێیانە لە ئەو، لەگەڵ فێڵ و تەڵەکەکانی گوتمانێ کە لە لایەن بەشێك لە ڕووحانییە ڕادیکاڵەکان ئەنجام دراوە. بە هەموو تواناوە هەوڵیان دا کە هەبوون و ڕۆڵی خەڵك لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بەرتەسك و سنووردار بکەنەوە. ڕووحانییەکان و ئیسلامخوازەکان هەوڵیان دا بە کەڵکوەرگرتن لە لە گوتمانێکی هێرشبەرانە و فاشیستیانە هەر جۆرە دەنگێك بە دژایەتی دامەزراوەیەکی سوننەتی و بەهێز، بە ئەزموون وەرگرتن لە دەزگای ئایینی و لە پێوەندی و هاوڕێیەتی لەگەڵ دەسەڵات، لانیکەم لە سەفەوییە بەملاوە لە ئێراندا، توانی دوای مەشرووتییەت لە شێوازگەلی جۆراوجۆر و بە ڕووخسارگەلی جۆراوجۆر لە تەنیشت سەرەڕۆکان، پارێزەرانی سوننەتی، خاوەندارەکان، دەسەڵاتدارن لە ئێران، لە بەرامبەر بیرۆکە نوێ و مودێرنەکاندا بوەستێ. ڕووحانییەکان لە سەر بنەمای بیروباوەڕ و شرۆڤەی خۆیان لە ئایین، زۆرتر مودێرنیتە و سێکۆلاریسم و هەڵگرانی فیکری، بەڕێوەبەری و سیاسیی ئەویان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانی، نە دامەزراوەی پاشایەتی و دەسەڵاتداریی سیاسی، چونکە هاوڕێیەتی و هاوهەنگاوی ئەوان لەگەڵ یەکتر لە دابەشکردنی دەسەڵات، ئیداری و ڕێنوێنی کۆمەڵگا و خەڵك پێشینەیەکی بەردەوامی هەیە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ئەم ئەندێشە و بیرکردنەوە



و مودێرنیتە خۆڕاگری دەکا، بیرۆکەی مەشرووتییەت و خواستی مێژوویی خەڵك بۆ ئازادی، ڕووبەڕووی بەربەستێکی قورس و قایم لە بیروباوەڕە ئایینییەکان، خوێندنەوە فقهییەکان، شرۆڤەی دواکەوتووانە و فاشیزمی فیکری لە ئاییندا دەبێتەوە. هەر چەند دوا بە دوای مەشرووتیەت لە ئێراندا، دامەزراوەی پاشایەتی و دەسەڵاتی سیاسی تا ڕادەیەك لە بەرامبەر خواستی خەڵك بۆ بەرتەسکبوونەوەی دەسەڵات و وەڵامدانەوەی دەسەڵاتدارەکان بە خەڵك و دامەزراوەکانی هەڵقولاو لە مەشرووتیەت هاتە دی، بەڵام ئەم هەلومەرجە بە هۆی زاڵبوون لە سەر بیروباوەڕ و چارەنووسی خەڵك لە لایەن دامەزاروەی پاشایەتی و ئایینی و ڕێکخراوەیی بەربڵاو و درێژی، ئەوی لە خۆنەگرتووە یان زۆر کەمە. بەم هەلومەرجە، نوێسازی، پێکهێنانی ڕێکخستنێکی چڕ، کەڵکوەرگرتن لە تیکنۆلۆژی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ڕووحانییەکان لە پێکهاتەی فێرکاری فەقیهی حەوزەی عیلمیە و کاریگەری و پێوەندی لەگەڵ ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەم ڕێکخراوە بەربڵاوە هێز و دەسەڵاتی نوێی بەخشی. لە دڵی هەر ئەم دامەزراوەدا، بە پاراستنی لەگەڵ ئایین شرۆڤە بکەن. لە ڕێگە و فێڵ و تەڵەکە شەرعیی و ناسیاسییەکان توانیان دژبەرە بیروباوەڕییەکان و ئەندێشە نائاینیی و سیکۆلارەکان بخەنە پەراوێزەوە و لە کۆتاییدا بیخەنە فازی سڕینەوە. بێگومان سوننەتەکانی کۆمەڵگایی سەرەڕۆیی، کولتووری سوننەتی، بیروباوەڕ و ئیمانی ئایینی و باوەڕە ئیخلاقییەکانی خەڵك لە تەنیشت متمانەی خەڵك و هێزە سیاسیەکانی دیکە بە ڕووحانییەت لە ئێراندا، بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم کارە لە لایەن ڕووحانییەکانەوە زۆر یارمەتی دا. هەروەها ڕووحانییەکان بە شرۆڤەی فێقهی ـ سیاسی و دیسانەوە خوێندنەوەی مێژوویی لە بەرپرسایەتی ئایینی، بەڕێوەبەرانی ئایینی، جووڵە ئایینییەکان و ڕۆڵی ڕێپیشاندەری خۆیان لە ڕێنوێنی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە بەرامبەر چەمکە سەرەکییەکان لە بیاڤەکانی دادپەروەری، ئازادی، یاسا و چەمکەکانی دیکەی پێوەندیدار بە دەزگای فیکری و بیرکردنەوەی مودێرنیتە گەورەترین گوتمانی لانیزۆری لە ئایینی هێنا گۆڕێ. ئایین و ڕێکخراوە پێوەندیدارەکان بە ئەو وەك ناوکی ناوەندیی و دژواری ئەو، واتە شرۆڤە شەریعەتخواز و فێقهییەکان لە چوارچێوەی نوێیە کە ڕۆڵی سیاسی، دەسەڵات و ڕەوایی ئەوان بە پێکۆڵ دەکێشێ. لە بنەڕەتدا ئەمە بیرۆکەی مەشرووتییەتە کە هەر دوو هێزی دژبەری ئازادی و دادپەروەری هاوکات بە پێکۆڵ دەکێشێ. هەر لە سەر ئەم بنەمایە لە قوناغە جۆراوجۆرەکاندا دەپرژێنە تۆڵەکردنەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووناکبیران و هەڵگرانی ئەندێشەی مودێرنیتە. ڕووحانییەکانی پێش لە مەشرووتە لە ئێراندا، لە دەسەڵاتداریەتی و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بە شێوەی سوننەتی و بە شێوەی نەنووسراوە بە خاوەن ماف دەزانێ و بۆ خۆیان پێگەیەکی تایبەتیان لەبەر چاو گرتبوو. بەڵام بە دوای مەشرووتییەتدا بە کارکرد و شێوازەکانی خۆیان لە شرۆڤەی ئایینی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بیرۆکە نوێ و مرۆییەکان دەستیان دایە شرۆڤە ئایینییەکان، تاکوو پێگە و مافێکی تایبەت بۆ خۆیان لە سیاسەت و یاسادانەری پێکبهێنن یان بیپارێزن. شرۆڤە و چاوەدێری لە سەر یاساکان لە مەجلیسدا و ڕۆڵی تایبەتی ئەو لە پاشکۆی یاسایی بنەڕەتی مەشرووتییەت هەر لە سەر ئەم بنەمایە لەبەرچاو گیراو و ڕێکوپێك کرا. ئەو هەر ئەو مافە تایبەتییە بوو تاکوو ئەم دامەزراوە دژە ئازادی و مودێرنیتە، بە هەموو هێزییەوە لەو بە قازانجی خۆی و پێکهاتەی سوننەتی خۆی کەڵك وەربگرێ. ئەم پاشکۆییە، بەشداری و پێگەی ئەوانی لە دەسەڵات و سیاسەتی ئێرانی بە شێوەی تەواو یاسایی جێگیر کرد. ئەم پێگەیە هەر لە سەرەتادا، بوو بە شوێنێك بۆ دژایەتی لەگەڵ خواستی خەڵك و هێزە سێکۆلارەکان بۆ پێشکەوتن و گۆڕان لە کۆمەڵگادا. خومینی لە بایەخی ئەم پاشکۆیە بۆ ئیسلامخوازان و دژایەتی لەگەڵ مەشرووتە و هەروەها بە هێما بۆ ئەزموونی مەشرووتە و جەخت کردن لە سەر ڕۆڵی ڕووحانییەت لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەویش بە ڕۆڵی پێوەندی نێوان هەوڵەکانی مودەڕێس لە دژایەتی لەگەڵ ئەندێشە سێکۆلارەکان و ڕۆحی مەشرووتە و هەروەها پەیڕەوی کردن لە میراتی شێخ فەزلوڵڵا نووری لە بەرەی شەریعەخوازەکاندا دەڵێت:" ئەگەر هەر شارستانێك، چەند کەسێکی کارێگەر و فیداکار وەك مودەڕێسی بووبایەت، مەشرووتە بە شێوەی درووست و ڕەوا دەچووە پێشێ و یاسای بنەڕەتی و یان پاشکۆی ئەو، کە حاج شێخ فەزلوڵڵا نووری لە ڕێگەی ئەودا مرد، لەگەڵ بیرۆکە ڕۆژئاواییەکاندا ئاوێتە نەدەبوو و بەر لەو دەستێوەردانانە دەگیرا کە لەودا کرا. ئیسلام و موسڵمانانی ئێران ئەو ڕەنجە تاقەت پڕووکێنانەیان نەدەکێشا" (سەحیفەی نوور، بەرگی ١٤، لێدواندەری ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢).

ئەمە بەشێك لە بیر و بڕوا و ئارمانی فیکری ـ ئایینی ڕووحانییەت و ئیسلامی فەقیهی سەبارەت بە مەشرووتەیە. ئەم بیرکردنەوە ئایینی ـ سیاسییە لە ساڵەکانی دواتردا، جووڵەی خۆی لە دژایەتی لەگەڵ مەشرووتە، بیرۆکە مودێرنیتەکان، فەلسەفەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا دەسپێکرد و خۆی لە سەر بنەمای دژایەتی لەگەڵ نێوەڕۆکی ئەندێشە و بیری ئازاد پێناسە دەکات. خومینی، ئینقلابی ئیسلامی و تیۆریی ئایینی خۆی لە ئاکامی بەرخودانەکان، خەباتەکان و هەوڵەکانی ڕووحانییەکان شەریعەگەرا لە دژی مەشرووتە دەزانێ. خۆی و بزووتنەوەکەی بە میراتگری شێخ فەزلوڵڵا نووری، مودەڕێس، کاشانی و نەوابی سەفەوی دەزانی. ئەم هەلومەرجەی ڕووحانییەتی دژە مەشرووتە بوو کە بە جۆرێك لەگەڵ بەرنامەکانی ڕەزاشادا بە شێوەیەکی زۆر لاپارێزانە هەڵسووکەوت و هاوڕێیەتی دەکا. یەکیەتی و هاوڕێیەتی پاشایەتی، زانا ئایینییەکان و ڕووحانییەکانی شەریعەخواز لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی دوای مەشرووتە، بەردەوام سەرچاوەگرتوو لە بێ هێزی و ترس و هەڕەشەیەك بوو کە بە گومان و لێکدانەوەی خۆی لە مەشرووتەی لە دڵدا بوویان. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە گوتمان و ئەندێشەکانی مەشرووتیەت سستی و لێکترازان لە بنەماکان، بنەما فیکرییەکان و باوەڕەکانی کۆمەڵگای سوننەتی و گوتمانی ئایینی پێکهێناوە. مەشرووتیەت بە ئەندێشەکان و گوتمانی نوێی خۆی بە شێوەی گشتی سنووردارکردنی پاشایەتی و سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی لە تەنیشت زاڵبوون و دەسەڵاتی باوەڕی ئایینی کە هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی، سەرەڕۆیی و قسەوباسی بێ مانا لە کۆمەڵگایە، کردووەتە نیشانە.

کۆتایی بەشی چوارەم

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 623 ▪ 19 Feb 2014

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## لەم مانگەدا گالاکسی ئێس ٥ دەکەوێتە بازاڕەوە




کۆمپانیای سامسۆنگ لە کۆریا خۆی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی نەوەی پێنجەمی گالاکسی ئێس ٥ بخاتە بازاڕەوە لەم مانگەدا.

کۆمپانیا کۆرییەکە لە ئێوارەی ٢٤ی فێوریيەی ئەم مانگەدا چالاکییەکی تایبەت بۆ خستنە ڕووی بەرهەمە نوێیەکەی ئەنجام دەدات.

پسپۆڕان پێیان وایەن کۆمپانیای گالاکسی بۆیە دەستی کردووە بەم کارە کە لە ماوەی ساڵانی پێشوودا بە تایبەت دوو ساڵی ڕابردوو بەرهەمی دیکەی ئەو کۆمپانیایە واتە گالێکسی ٤ نەیتوانی ڕەزامەندیی کڕیارانی بەدی بێنێ و لە چاو بەرهەمی کۆمپانیای ئەپڵ، واتە ئەپڵ ٥ تواناکانی کەمتر بووە و ئەمەش وای کردووە بەرپرسانی کۆمپانیای گالکسی بۆ لە دەست نەدانی بازاڕی فرۆشی خۆیان، زووتر لە وادەی دیاری کراوی خۆی دەست بکەن بە بانگەشە بۆ بەرهەمە نوێیەکەیان واتە گالێکسی ٥.

ئەم مۆبایلە نوێیە تایبەتمەندی و گۆڕانکاریی زۆری لەچاو بەرهەمەکانی پێش خۆی تێدایە.

## مۆبایل مەترسی بۆ سەر تەندروستی نییە




به پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە مۆبایل مەترسی بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ هەیە، توێژینەوەیەکی بریتانیایی دەڵێ، دوای توێژینەوەیەك کە ماوەی ١١ ساڵی خایاند لە بریتانیا، هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی مۆبایل بەرهەم هێنی مەترسی بێت بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ: مۆبایل هیچ مەترسییەك لە سەر منداڵی کۆرپەلەی نێو زگی دایکیش دروست ناکات و دوکتور دێیڤید کۆگنی، سەرۆکی بەرنامەی توێژینەوە تەندروستییەکانی وەزارەتی تەندروستی بریتانیا دەڵێ: زۆر گومان لەسەر مەترسی مۆبایل هەبوو، بەڵام ئەوەی ئێمە پێی گەیشتین ئەوەیە کە ئەوەی دەگوترێ لەسەر مەترسییەکانی مۆبایل ڕاست نییە و هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ سەلماندنیان.

هەروەها گوتی ئیستا دڵنیاین لەوەی کە ئەوەی گوتراوە لەسەر مەترسییەکانی مۆبایل دوورن لە ڕاستییەوە.

## زایەڵە

فاتیح ساڵحی

### هەموو وادەکانی سەرکۆمار (ماددەی هەشتەم)

زیاتر لە شەش مانگ بەسەر هاتنە سەر کاری دەوڵەتی یازدەهەم واتە دەوڵەتی چارەئەندێشی و ئومێد تێدەپەڕێ. لەم ماوەدا بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران و ئەو کەسانەش کە دەنگیان دا بە حەسەن ڕووحانی وەك سەرۆك کۆماری دەوڵەتی یازدەهەمی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆیان دەرکەوت کە ئەم دەوڵەتەش وەك دەوڵەتەکانی پێشووی ئەم ڕێژیمە تەنیا لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و پێش گەیشتن بە دەسەڵات، دەبێتە ئاڵاهەڵگری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی.

بەچاوخشاندنێك بەو وادانەی کە ڕووحانی لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵکی ئێران و نەتەوەکانی ئێرانی دا، بە ئاشکرا سیاسەتی چەواشەکارانەی ڕێژیم و کاربەدەستانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خەڵکانی دانیشتووی وڵاتی ئێران خۆی دەنوێنێ و ئەم پێویستییە زیاتر لە هەر قۆناغێك گرینگی پەیدا دەکات کە چیدیکە خەڵکی ئێران و بەتایبەت کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەکانی ئێران بە خوێندنەوەیەکی دروست لە پێناو نەمان و ڕووخانی ئەم ڕێژیمەدا هەنگاو هەڵبگرن و لەمەو بەدوا نەکەونە نێو داوە پڕوپاگەندەییەکانی ئەم ڕێژیمە لە چوارچێوەی مانەوە و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا.

ماددەی هەشتەم: " سڕینەوەی هەموو هەڵاواردنە نابەجێکان لە هەموو ڕەهەند و شێوازەکانیدا."

ئەم دروشمە هەڵبژاردنییە ئەگەر لە سەر بنەمای لۆژیك و ئەندێشەی جێبەجێکارانەدا بێت بێگومان دەتوانێ بە تەنیا خۆی ببێت بە هەوێنی سەرکەوتنی کاندیدایەك لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا. چونکوو هەموو تاکەکان لە کۆمەڵگاکاندا بە درێژایی مێژوو بە دوای سڕینەوەی هەڵاواردن و دابینبوونی ژیانێکی یەکسان و بەرابەر بوون لە چاو دانیشتوانی دیکەی وڵات.

نێوەرۆکی ئەم دروشمە دەیسەلمێنێ کە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەهەمبەر نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان لێوانلێوە لە هەڵاواردن لە هەموو شێوە و شێوازەکانی خۆیدا و هەندێجاریش ئەم هەڵاواردنانە هەموو سنووره ئیخلاقییەکانیشی بەزاندووە و وەك ستەمێکی حاشاهەڵنەگر خۆی سەپاندووە بەسەر داهاتوو و چارەنووسی تاکەکان لە نێو بازنەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. لە هەمان کاتدا سڕینەوەی هەڵاواردن و ئاسەوارەکانی هەڵاواردن کە نیشانەکانی بە هەموو شێوەیەك دیارە بە سیمای نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکانەوە، پێویستی بە ئیرادەیەکی ڕاستەقینەی سیاسی و لێڕوانینێکی یەکسانخوازانە و ئاشتی تەوەرانەیە کە بتوانێ لە درێژەی بە کردەیی کردنی وەها دروشمێك پاش ساڵانێك نیشانە ئەرێنییەکانی خۆی بنوێنێ. بەڵام ئەوەیکە تا ئێستا خۆی پیشان داوە و بۆ هەمووان ڕوونە نەبوونی هەمان ئیرادەی سیاسی و لێڕوانینی یەکسانخوازانەیە بۆ سڕینەوەی ئەو هەموو ستەم و هەڵاواردنانەیە کە تا ئێستا بەسەر نەتەوەکانی ئێران و کەمایەتییە ئایینییەکاندا سەپاوە.

## خواردنەوە وزەبەخشەکان مەترسیدارن




دوای ئەوەی چەند کەسێك تووشی ڕاوەستانی لەناکاوی دڵ هاتن یان زیان بەمێشکیان گەیشت، سەرلەنوێ بابەتی خواردنەوە وزەبەخشەکان و مەترسییەکانیان سەریان هەڵدایەوە.

رۆژنامەی دەیلی میلی بریتانی ئاشکرای کرد کە ڕاپۆرتێکی پزیشکانی بریتانیا پێوەندیی دۆزیوەتەوە لە نێوان ڕاوەستانی دڵ و جەڵتە بەهۆی بڕی ئەو کافێئینانەی کە تێیدایە.

پزیشکان لە بڵاوبوونەوەی ئەو خواردنەوانە لە نێو منداڵان و مێرمنداڵاندا هۆشدارییان دا و داوایان کرد یاسایەك ئەوە قەدەغە بکات.